مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە

پیتەر کریستۆ

مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

شۆڕش جوانڕۆیی

سلێمانی / 2003

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (30)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە

نووسینی: پیتەر کریستو

وەرگێڕانی: شۆڕش جوانڕۆیی

بابەت: فەلسەفی

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

هەڵەچن: ناسك عەزیز

تیراژ: 500 دانە

ژمارەی سپاردن : ی 2002

www.sardam.net

مۆدێرنیته

لـه مزگێنییـەکانی کۆمـەڵگای (مۆدێرنـــەوە) تـــا بەدبینییەکانی (پۆست مۆدێرن).

مۆدێــرن بــوون چ واتایــەکی هەیــە؟ ســەردەمی مۆدێرن کەی دەستی پێکرد؟ ئایا ئێمە مۆدێرنین؟ لــە وەڵامـــی لافلێدانەکـــەی (برۆنۆلاتـــۆر)[1] 1993، پسـپۆڕی فەرەنسـی کۆمەڵناسـی زانسـت کـە ئـەڵێ: "ئێمە هەرگیز مۆدێرن نەبووین" دەبێ چی بڵێین؟

هەروەها دەبێ چۆن وەڵامی ئەو کەسانە -کە لەم ساڵانەی دواییــدا ژمارەیــان یــەگجار زۆر بــووە- بدەینـەوە کـە دەڵێـن، ئێمــە تــا ئـەم دواییانــە لــە کۆمــەڵگای مۆدێرنـدا دەژیـاین. بـەڵام چیـدی لــەو جـۆرە کۆمەڵگەیـەدا نـاژین. ئـەوان لافـی ئـەوە لێ دەدەن کـە ئێمــە چووینەتــە نــاو جیــهانی تــازەی (پۆسـت مۆدێرن)[2]ەوە (بۆ نموونە، Lyotard 1979, Jameson 1991, Harvey 1989).

ئـەم پرسـیارانە مێشـکی ژمارەیـەکی زۆر لـە کۆمەڵناسـانی هاوچـەرخی بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە و، ئەگـەر ئـەوە لەبـەرچاو بگریـن کـە کۆمەڵناسـی بـۆ تێگەیشـتن لـە فـۆرم و نـاوەڕۆکی کۆمەڵگای مۆدێرن هاتە ئاراوە، پێویستە هەر بەو جۆرەش بێت. دامەزرێنە کلاسیکەکانی ئەم بوارە، (کە لە بەشەکانی دووهەم تا چوارهەمی ئەم کتێبە قسەمان لەسەر کرد) –واتـە، مـارکس، فیبـەر و ، دورکـهایم– هـەموو هزرمـەندانی مۆدێرنـەن. تێڕوانینـەکانیان لـە تێگەیشـتنی ئـەو جیهانـە کۆمەڵایەتییـەی کـە تێیـدا دەژیـن سـەبارەت بـە چییەتی کۆمەڵگای مۆدێرن گەلەك پڕ بایەخن. جیا لەوانـەش، بابەتـەکانی سـێ بەشـی پێشـوو هـەرکامیان بە جیا لایـەنی گرنـگ و بـارودۆخی مۆدێـرن دەخەنـە ڕوو. کۆمـەڵگای مۆدێـرن لەتـەك پیشەسـازی بـوون و پێشـکەوتنی زانسـت و تـەکنیکدا، بـەدی هـاتووە.. ئامـانج و ئاواتـە دیموکراتییـەکان پەیوەندییـەکی یـەگجار نزیکیـان لەگەڵ مۆدێرنەدا هەیە.

مۆدێرنە بە سەرکەوتنی (تاکخوازی) سەرلەنوێ پەیوەندی تاکەکان لەتەک ئەوانی دی و کۆمەڵەکەیان دروست دەکاتەوە. بەم جۆرە، مۆدێرنە ئاوێتەیەکە لەو شتانەی کە تاوتوێمان کردوون و جیا لەوەش دەتوانین هەریەك لەو سێ تیۆرسێنە کلاسیکە بۆ خستنەڕووی باسێك دەربارەی ئەم بابەتە هەڵبژێرین.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ توێژەرەوەگەلێك کە حەزیان لە مێژووی کۆمەڵناسییە ئەوە ئاشکرا بووە کە کەسایەتییەکی بەرجەستە بایەخێکی زۆری هەیە لە یارمەتیدانمان بۆ تێگەیشتن لە کەلتوری مۆدێرنە و شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەزموونی تاکەکان: ئەویش کۆمەڵناسی ئەڵەمانی (جۆرج زیمیل)ە. لەم بەشەدا کارەکانی ئەو (زیمیل) جێی بایەخمان ئەبن.

(داڤید فرازبی)[3] (40 :1984) ئیستدلالی کردووە: "زیمیل یەکەمین کۆمەڵناسی مۆدێرنەیە.. [بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە] پێش ئەو هیچ کۆمەڵناسێك هەوڵی نەداوە لە شێوەکانی ئەزموونی

ژیانی مۆدێرن تێبگات" لەگەڵ ئەوەشدا، گەرچی "زیمیل" بە کۆمەڵناسی بالاتری مۆدێرنە دەناسن، لافێکی دیکەش لێ ئەدرێ کە بە زەمینەسازیان یەکەمین نوێنەری دیدگای کۆمەڵناسی (پۆست مۆدێرن) لە قەڵەم دەدرێ، (Weinstein and weinstein 1993, Bauwan 1992).

پاش هەندێ پێناسەی سەرەتایی سەبارەت بە چەمکە بنەڕەتییەکان و کۆتاییهێنان بە لێدوان لەسەر (زیمیل) دەربارەی کارەکانی خوێندکاری پێشووی ئەو (زیمیل)، واتە (ڕۆبەرت پارک)[4] کۆمەڵناسی ئەمەریکی و کەسایەتی بەرجەستەی قوتابخانەیەك کە بە قوتابخانەی (شیکاگۆ) ناسراو بوو قسە دەکەین. ئەم باسە، ڕێنماییمان دەکات بۆ شرۆڤەکردنی چەمکی (جەدەلی) پۆست مۆدێرنە لەم بەشەدا، تیۆرسینی کۆمەلایەتی فەڕەنسی (ژان بۆدریار)[5] جێگەی بایەخمان دەبێت. ئەم بەشە بە تاوتوێکردنی چەمکی "سەردەمی مۆدێرنی دواهەمین" کۆتایی دێنین، هەر بەو شێوەیەی کە بەرجەستەترین تیۆرسێنی کۆمەلایەتی هاوچەرخی بەریتانیا (ئەنتۆنی گیدنز) قسەی لەسەر کردووە.

مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە:

پێناسەگەلی کاتی: ئەگەر بمانەوێ لە چەمکی ئەم دوو لافلێدانە تێبگەین، دەبێ بزانین کاتێك کە ئاماژە بە فەرهەنگی مۆدێرن و فەرهەنگی پۆست مۆدێرن دەکەین قسە لەسەر چ جۆرە کەلتورێك دەکەین، کەواتە پێش ئەوەی قسە لەسەر (زیمیل) بکەین جێی خۆیەتی ئاماژە بە هەندێ لە پێناسەکان بکەین. ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە کە مۆدێرنە و پۆست مۆدێرن زاراوەگەلێکن کە بە ئاشکرا پێناسەکردنیان سەختە.

زیاتر، مۆدێرنە لە بەرامبەر نەریتدا لەبەرچاو دەگیرێت و نیشاندەری جیابوونەوەیە لە نەریت. (Lyon 1994: 19-21, Touraine 1995). خۆ ئەگەر نەریت بۆ ڕابوردو ئەڕوانێت، ئەوا بە ڕووکەش مۆدێرنە چاوی لە ئایندەیە.

کەلتووری مۆدێرن بەو جۆرەی کە تیۆرسێنی کۆمەڵایەتی سویدی (گۆران تربۆرن)[6] (1995: 4) قسەی لەسەر دەکات، زیاتر "پەیوەندی هەیە لەگەڵ واژەگەلێکی وەك، پێشکەوتن، پەرەسەندن،

ڕزگـاربوون، ئـازادی، گەشـەکردن، کەڵەکـەبوون، ڕۆشنگەری، چاکبوونەوە و پێشەنگ بوون"دا.

ئەتوانین ئەم خاڵەش زیاد بکەین کە مۆدێرنیزم زیـاتر دیاردەیـەکی بـەربڵاوە و کەواتـە بـە دیاردەیەکی جیهانی وەسف دەکرێت.

پەیوەندیکردن بەم واژانە ئەوە دەردەخات کە کـەلتووری مۆدێـرن لـە گەشـبینی بەرامبـەر تواناکانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان بە شێوەیەکی گشتی هەروەها سارێژکردنی ئازاری مـرۆڤ و دەوڵەمـەندکردنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی بەهرەمەندە. ئەم کەلتوورە، بەر لە هەموو شت تواناکانمان فەرز دەکات بە دەستهێنانی زانست دەربارەی جیهانی سروشتی و جیهانی کۆمەڵایەتی و سـودوەرگرن لـەو زانسـتە بـۆ کۆنـترۆڵکردن و پێکهێنانی ئەو شتانە بە شێوەیەکی بە کەڵك.

تا ڕادەیەك (پۆست مۆدێرنیزم)[7] زاراوەیـەکی تازەیـە. هـەر بـەو شـێوەیەی کـە لـەم واژەییـەدا دەردەکەوێت ئاماژە بە حەساسییەتێکی کەلتووری دەکـات کـە وەڵامـە بـۆ مۆدێرنـیزم و لـە ڕووی

زەمەنیشەوە دوای مۆدێرنیزم ڕوودەدات. (Lyotard 1979, smart 1992, Touraine 1995).

لێرەوە کە ئەم زاراوەیە نیشانەی جوڵەیەکە لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دی، کەواتە زاراوەیەکە وەك (بان پیشەسازیخوازی) سەرەڕای ئەوەش، پۆست مۆدێرنیزم جیاوازی هەیە لە تەك بان پیشەسازیخوازیدا، چونکە لە کاتێکدا کە (بان پیشەسازیخوازی)، بە ئاکام و دەرکەوتی کۆمەڵگای پشەسازی لەبەرچاو دەگیرێت، پۆست مۆدێرنیزم نیشانەیەکە لە شرۆڤەکردنی مۆدێرنیزم. ئەگەرچی هەندێ تیۆرسێنی پۆست مۆدێرنیزم ئەم لافلێدانە پەسەند ناکەن، من بە تەواوەتی لەگەڵ (ڕۆبەرت ئانتۆنیۆ)[8] و (دۆگلاس کلێنێر)دا هاوڕام کە نووسیویانە "پۆست مۆدێرنیستەکان دیدگاگەلێکی بەدبینانە لەمەڕ ئەم دەورەیەی ئێستا دەخەنە ڕوو".

بەم جۆرە جوڵان لە مۆدێرنیتەوە بۆ پۆست مۆدێرنیتە، لە زۆر ڕووەوە گۆڕانە لە گەشبینییەوە بۆ بەدبینی. ئەتوانین ئەمە لە قسەیەکی (بە ڕای من تا ڕادەیەك سەرزەنشت ئامێزی)ی (چارلز

جینگـــن)[9] وه (Harvery 1989: 39) تێبگـــەین کـــە:
"پۆست مۆدێرنه له کاتژمێری (3.32) سێ و سی و دووی پـــاش نیـــوەڕۆی 15ی ژوئیـــەی 1972 دەستیپێکرد –کاتێك کە ئاپارتمانەکانی (پرۆئیت ئیگـــۆی ســـن لویـــی) بـــە هـــۆی دینامیتـــەوە تەقێنرایەوە). ئەم کۆمەڵـە ئاپارتمانـە کـە خـەڵاتی کۆشـك سـازی وەرگرتبـوو لـە دەیـەی پـەنجادا دروسـتکرا و لـە لایـەن یـەکێك لـە خوێندکـارانی (ئارشـــیتکت)ی مۆدێرنیســـت (لۆکۆبۆزیـــە)[10] نەخشـەی کێشـرابوو و گەلـەك بـە بـاڵاتر لـە ئاپارتمانـەکانی دی لـە قەڵـەم دەدرا. وا تەسـەور ئەکرا کە ڕەنگـە ئـەو ئاپارتمانـە کێشـەی هـەژاری گەڕەکە هەژارنشینە کەمینەکان چارەسەر بکـات و هـەروەها جێگایـەك بـوو کـە لـە ڕووی ئابوورییـەوە ژیانی بنەماڵەگەلێکی هاوڕێك و کۆمەڵێکی چالاك و هاووڵاتیانی بەکەیف و کرێکـارانی بەرهەمهێنـەری ئاسان دەکرد. بە کورتـی دروسـتکردنی (پرۆئیـت ئیگـۆ) لـە ئـاوات و خـەیاڵی مۆدێرنیسـتییەوە ئیلهامی وەرگرتبوو.

پاش کەمتر لە دوو دەیە، ئەم ئاپارتمانانــە لــە لایــەن بنەماڵەگەلێکــەوە داگــیرکران کــە زیــاتر سەرپەرشتیکەریان ژن بوون و لەتــەك هەژارییــەکی هەمیشەییدا دەستەویەخە بوون و پێویستیان بــە کۆمــەکی ژینگــەپارێزی بــوو، هــەروەها وەك شوێنێکی مەترسیدار و جێگایەك بۆ ئەو کەسانەی کە گیرۆدە بوون بە مادە بێ هۆشکەرەکان و دزەکان و مرۆڤ کوژەکان کەوتـە سـەرزار: بـە جۆرێـك کـە نیشتەجێی ئەو ئاپارتمانانە هەر کە بیانویستایە لەوێ باریان دەکردو دەیانگواستەوە. (پرۆئیت ئیگۆ) لە بری ئەوەی کە ببێت بە ڕێگاچارەیەك بۆ گەڕەکە نەدارەکانی نێو شـار بـە پێچەوانـەوە کـەم کــەم وەك کێشــەیەکی (جــدی) دەردەکــەوت. ڕێکخراوی خانووبەرەی خۆجێی کە نەیدەتوانی بیر لە هیچ ڕێگاچارەیەکی کردەیی سەبارەت بە گۆڕانی ئەو ئاپارتمانە بکاتەوە، دەرئـەنجام بـەو ئاکامـە گەیشـت کـە دەبـێ بـڕوخێنێت (یـان ئەگـەر لـە زاراوەیــەك کــەڵك وەربگریــن کــە تیۆرســینەکانی پۆسـت مۆدێرنیتـە لـە بوارەکـانی دیکـەدا بـەکاری ئەهێنن ئەبێ بڵێین "خاپووریان کرد").

بەم جـۆرە چارەنووسـی (پرۆئیـت ئیگـۆ) بـە نیشـانەیەك لـە شكسـتی گەلاڵـەی مۆدێرنیسـتی و كەواتـە بـە دەسـتپێكردنی سـەردەمی پۆسـت مۆدێرنیزم لە قەڵەم درا.

پاش ئەم پێناسە كورت و ئاشكرایە ئێستا بە تیۆرسێنی باڵای سەردەمی مۆدێرن و ڕەنگە پۆست مۆدێرنەوە سەرقاڵ ئەبین واتە: (جۆرج زیمیل).

میراتی نادیاری جۆرج زیمیل:

جێگـەی (زیمیـل) لـەنێو بناغەدانـەرە بەرجەسـتەكانی "كۆمـەڵ ناسـی"دا زۆر كـەم پایەدارترە لە جێگەی ماركس، فیبـەر و دۆركهایم. ئەو كەمتر لەم سێ كەسایەتیە بەرجەستەیە لەنێو كۆمەڵناسـاندا ناسـراوە. بەرهەمـەكانی لەوانـەی ئـەوان كـەمتر دەخوێندرێتـەوە و ڕەخنـەگرە هاوچەرخـەكان، سـەرپێچی دەكـەن لـەوەی بەرهەمەكانی (زیمیل) لەتەك بەرهەمەكانی (ماركس و فیبـەر و دۆركـهایم)دا، بـە بەرامبـەر بزانـن. ئـەو (زیمیـل) قوتابخانەیـەكی فیكـری دانەمـەزراند كـە

وەچەکانی دواتری کۆمەڵناسان بتوانن بە میرات ببیەن. کەواتە هیچ کۆمەڵناسێکی زیمیلی وەك کۆمەڵناسی مارکسیستی، کۆمەڵناسی فیبەری و کۆمەڵناسی دۆرکهایمی نەهاتە ئاراوە.

کاتێك کە (تالکوت پارسنۆز) چڵك نوسی بەرهەمە گەورەکەی واتە (بنەمای کاری کۆمەڵایەتی) نوسی (1937) بەشێکی بۆ (زیمیل) تەرخان کرد، بەڵام پێش ئەوەی نوسخە دەستنووسەکەی چاپ بکرێت، دووچاری بەدبینی بوو سەبارەت بە گرنگی (زیمیل) و هەر بۆیە ئەو بەشەی لە دەستنووسەکەی لابرد (Jaworks 1997: 45-60).

لەگەڵ ئەوەشدا "زیمیل" لای ژمارەیەکی زۆر لە هاوچەرخانی ڕێزێکی زۆری دەگیرا. بە تایبەت (فیبەر) لەژێر کاریگەری خولقێنەری ئەندێشەی (زیمیل)دا بوو و لە تەقەلادانی بۆ پێشکەوتنی کاری (زیمیل) بەشدار بوو. (دۆرکهایم و تونیس) ڕەخنەیان لە هەندێ لایەنی کارەکانی "زیمیل" دەگرت، بەڵام کارەکانیان بە (جدی) وەردەگرت. لەو سەردەمەدا، (زیمیل) لای ژمارەیەکی زۆر لە

کۆمەڵناسانی بە دە سەلاتی ئەمەریکی ڕێزی دەگیرا بە تایبەت ئەو کۆمەڵناسانەی کە بە قوتابخانەی کۆمەڵناسی (شیکاگۆ)وە وابەستە بوون.

ئەو بوو بە ڕاوێژکاری سەرنووسەری (گۆڤاری کۆمەڵناسی ئەمەریکا) کە بڵاوکراوەیەکی بەهێزی ئەو قوتابخانەیە بوو و ژمارەیەکی زۆر لە وتارەکانی وەرگێڕدراو لەو گۆڤارەدا چاپ کرا.

پەراوێزبوونی زانستگایی (گۆشەنشینی زانکۆیی):

ئەتوانین بەشێك لە هۆکاری پەسەندکردنی کارە تەمومژاوییەکانی (زیمیل) لە بارودۆخی ژیانیا بەدەست بهێنین. ئەو (زیمیل) کە لە ساڵی (1858) لەدایك بوو، کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەندی جولەکە بوو کە بە یەکێك لە شەریکەکانی کارگەیەکی گەلەك سەرکەوتوویی دروستکردنی شیرینی ئەهاتە ئەژمار. باوکی (زیمیل) کە وەك باوکی (مارکس) باوەڕی بە ئاینی مەسیحییەت هێنابوو، هێشتا (زیمیل) مناڵ بوو کۆچی دوایی کرد. پێدەچێت کە پەیوەندی لەگەڵ دایکیا باش نەبووبێت. (زیمیل) لەژێر چاودێریکردنی (ژولیۆس

فریلانــدر) دۆســتی بنەماڵەکــەیان و هــەروەها پەخشــکەرەوەی (ناشــر) بەرجەســتەی بەرهەمــە مۆســیقییەکان پــەروەردە کــرا. ئاکــامی ئــەو پەروەردەکردنەش ئەوە بوو کە ئەگەرچی (زیمیل) لـە تـەواوی ژیانیا لـە ڕووی مادییـەوە وەزعێکـی باشی هەبوو، بەڵام بە قسەی (لویس کوزەر 194: 1971)، لە "هەستی گۆشەنشینی و نائاسایش ڕەنج و ئـازاری دەکێشـا" گـەرچی (زیمیـل) لەگـەڵ ژمارەیــەك لــە بەرجەســتەترین مامۆســتایانی زانستگاکانی ئەڵەماندا (هاوپۆل) بـوو و زۆربـەیان ئـەویان بـە خـاوەن توانایـەکی درەخشـان دەزانـی، بەڵام کۆسپ و گیروگرفت ڕێگـەیان لـە پێشکەوتنی کارەکــەی دەگــرت. ئــەو کــە نــەیتوانی کــاری مامۆستایەتی لە زانکۆدا بەدەست بهێنێت، ناچار بوو بۆ ساڵانێکی درێژخایان وەك مامۆستایەك کە (حەقدەسـت) وەرئـەگرێت بمێنێتـەوە و پێـی ڕازی بێـت، واتــە وەك مامۆســتایەك کــە موچەکــەی (حەقدەستێك) بوو کە لە لایەن ئەو خوێندکارانەی ئەهاتنە هۆڵی وتاربێژییەکانییەوە کۆئەکرایەوە.

ئاشـــکراکردنی هـــەموو هۆکارەکـــانی ئـــەو بارودۆخـــە کـــارێکی دژوارە. ڕەنگـــە بەشـــێك لـــە مەســـەلەکە ئـــەوە بێـــت کـــە (زیمیـــل) نکوڵـــی لـــە مامۆستاکانی دەکرد و ڕووبەڕوویان دەبۆوە، شتێك کە هەرگیز ئەوان لە خوێندکارەکانی تردا بەدیان نەدەکرد. بەشێکی دیکەی مەسەلەکە ڕەنگـە لـە چیـەتی خـەیاڵاویی و نـاکردەیی مەیلەکانییـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت بـۆ نموونـە، سـاڵی (1880) وتـارێکی بـە نـاوی "هـەندێ خوێندنـەوەی دەروونناسـی و مرۆڤناسـی دەربـارەی مۆسـیقا" نوسـی. بەشـێك لـەم لێکۆڵینەوەیـەی بـە (yodeling) تـەرخان کرابـوو. باسـەکەی بـە هـۆی ئـەوەی لـە دیدگای مامۆستاکانیەوە بە خواستێکی نائاسایی لـە قەڵـەم درا، ڕەتکرایـەوە هـەر بۆیـە ناچـار بـوو باسێك سەبارەت بە بابەتێکی دی بنووسێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بە زۆری لەنێو هۆکارگەلێکدا کە لە سیستمی زانکۆیی ئەڵەماندا ڕێی لە پێشکەوتنی دەگـــرت دژە جولەکەگـــەری لـــە هـــەموویان بەرجەستەتر بوو.

بەڵگەگـەلێکی زۆر هەیـە کـە ئـەوە دەردەخـات ئەسڵ و نەسەبی جولەکەیی (زیمیل)]ئەو جولەکە نەبوو کە پەیڕەوی ڕاسپاردە مەزهەبییـەکان بکات، لە لایەکی ترەوە ڕێوڕەسمی چوونـە سـەر مەزهـەبی (لۆتـــەر)یـــان بـــۆ بـــەڕێوە بردبـــوو [بەڵگەیـــەکی ئاڕاسـتەکراوە بـۆ بێبەشـکردنی لـە پیشـەگەلێکی جۆراوجۆری زانکۆیی، هەرچەند وا دەردەکەوت کە بە تـەواوەتی شایستەیی وەرگرتنـی ئـەو کارانـەی هەبێت. وا دەردەکەوێ (زیمیل) لانـی کـەم ماوەیـەك هـــاتوچۆی کـــۆڕە سۆشیالیســـتەکانی کردبێـــت و ڕەنگـە ئـەم هاودەردییـە سیاسـییەی کاریگـەری لەسەر ئەو مەسەلە دانابێت.

مەسـەلەیەکی دیکـەش کـە ڕەنگـە کێشـەکانی زیـاتر کردبێـت ئەوەیـە کـە مامۆسـتاکان بـە هـۆی سەرکەوتوویی لەسەر سـەکۆی وتـاربێژی ئێرەییـان پێ دەبرد. ئەو، وتاربێژێکی کارامە و بـەتوانا بووو سـەرنجی ژمارەیـەکی زۆر لـە خوێندکـارانی بـەرەو لای خۆی ڕائەکێشا. جیا لـەوەش مۆڵـەتی بە کچـە خوێندکارەکـــانی دەدا بـــۆ ئامادەبوونیـــان لـــە ســـوخنرانیەکاندا بـــەر لـــەو کاتـــەی کـــە]مۆڵـــەت

درابوون] وەك خوێندكارێكی هەمیشەیی بچنە ناو زانكۆكانی (پروس)ەوە و كۆبوونەوەی ڕووبەڕووی بۆ فەراهەم دەكردن، سەرەڕای ئەوانەش ئەو خوێندكارانەی كە سەرنجی ڕادەكێشان كەسانێك بوون كە خاوەن پلەوپایە موحافیزەكارەكانی زانكۆ لێیان ڕازی نەبوون، چونكە لە ڕیزی ناڕەزایانی سیاسی مۆدیرنخوازانی كەلتووری و خوێندكارانی ئەوروپای خۆرهەڵاتدا بوون كە لە ڕووی ڕەگەزەوە بە نزمتر (كەمتر) لە قەڵەم دەدران (Frisby 1984: 27).

دەرئەنجامی ئەوانە (زیمیل) تا ڕادەیەك تا كۆتایی ژیانی لە (بەرلین)دا مایەوە كە بە ناوەندی فەرهەنگی و سیاسی ئەڵەمان و پایتەختێكی گەلەك بزۆز و چالاك لە قەڵەم دەدرا. لە تەمەنی 56 ساڵیدا كاتێك كە سەرئەنجام لە زانكۆی (ئستراسبۆرگ)دا كورسی زانكۆیی بەدەست هێنا بەنابەدڵی بەرلینی جێهێشت. چوونی ئەو بۆ (ئستراسبۆرگ) هاوكات بوو لەتەك یەكەمین جەنگی جیهانیدا. (زیمیل) لەو شوێنە تازەیەدا بە سەرسوڕمانێكی زۆرەوە گۆڕا بە ناسیونالیستێكی پڕ شۆڕ. بە درێژەكێشانی شەڕ هەرچی زیاتر بێهیواو دڵسارد بۆوە و ئەم

مەسەلەیە هەستی پەراوێزنشینی و دابڕانی لە ژینگەی تازەی زانکۆیی زیاتر کرد. (زیمیل) ژیانی خۆی لە (ئستراسبۆرگ)دا وەك ژیان لە کڵێسەدا وەسف دەکرد، چونکە ژیانی "پەراوێزنشینانەی" هەبوو- و تاکاتی مردنی لە ساڵی 1918دا، وەك بێگانە و زانکۆییەکی پەراوێزنشین مایەوە (Frisby 1981: 32).

زیمیل: دەربارەی کەلتووری مۆدێرنیتە:

ئەندێشەی (زیمیل) کۆمەڵناسی کەلتووری مۆدێرن، بە زۆری ڕەنگدانەوەی ئەو شتەیە کە ئەو بە تایبەتمەندی ئەسڵی دەستنیشانکردنی مۆدێرنیتەی دەزانێت -واتە چیەتی چەند پارچەی ئەو. (زیمیل) کە لە بنەڕەتدا بە وتارنووس ناسراو بوو لە نووسینەکانیا بە وەسفگەلێکی ورد و جوان، یان هەندێ وێنا لە گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەك نامۆ، ڕژد و، سەرچڵ، یان جۆرەها کرداری بەرامبەری کۆمەڵایەتی وەك ئاڵوگۆڕکردن، بەربەرەکانی و (پێکەوە ژیانی)[11]

بەکار دەبرد. ئەو بابەتگەلێکی دەخستە ڕوو کە بە شێوەیەکی باو بە شتانی کۆمەڵناسی نەدەژمێردران وەك ئەوەی کە بەهای جوانناسی گوڵدانێك چی بەسەر دێت ئەگەر دەسکێکی -کە خەسڵەتی قازانج لەخۆ دەگرێت- پێ زیاد بکرێت.

ڕەوشی (زیمیل) ڕەوشی تێڕوانینێکی بێبایەخ و بێلایەن بوو. وا دەردەکەوێ ئەو بە پێچەوانەی (مارکس) یان (دۆرکهایم) حەزی نەکردبێت ڕێگاگەلێك بۆ گۆڕانی جیهان بدۆزێتەوە. ئەو قسەی لەسەر تراژیدیای کەلتووری مۆدێرن دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەی لەحنێکی ڕەخنەگرانەی هەبوو وەك (فیبەر) و هاوچەرخانی دیکەی بەدبین نەبوو.

جێی سەرسوڕمان نییە کە (ئەو) بە کۆمەڵناسێکی بەرداشت گەر و ئاسودەخواز وەسف کراوە کە وێناگەلێکی وردبینانە لە دیمەنێکی تێپەڕ بە دەستەوە دەدات و بەڵام دیدێکی هەمەلایەنەی لەمەڕ گشتییەتی کۆمەڵایەتی نییە.

(Frisby 1981: 68-101, Weinstien and weinstien 1993: Levine. 1995, Axelord 1997).

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاڤەکارانی (زیمیل) لەم واقعییەتە بە ئاگان کە لەژێر ئەم بەش و پارچانەی

لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون لە ژیانی کۆمەڵایـەتی هاوچـەرخدا چوارچێوەیـەکی تیـۆری ئاشـکرا و هاوڕێك (منسـجم) هەیـە. مـن بـۆ دەرخسـتنی ئـەم ڕاسـتییە لـە دوو بابـەتی گرنگـی نووسـینەکانی (زیمیل) دەکۆڵمەوە: یەکەم بابەت (پارە)یە چونکە (زیمیـل) پێـی وایـە کـەلتووری مۆدێـرن پشـت ئەستوورە بە سیستمی ئابووری کە لەسەر بناغەی (پارە) ڕاوەستاوە. بابەتی دووهەم (شارە)، چونکە (زیمیل) پایتەختی مۆدێرنی بە شوێنێك دەزانی کە تیایدا کەلتوری هاوچەرخ لە یەکـەمین و هـەروەها کامڵترین فۆرمی شیاودا دەردەکەوێت.

فەلسەفەی پارە:

(زیمیل) تیۆرسینێکی سیستماتیك نەبوو، بەڵام کتێبـە گرنـگ و ئاڵۆزەکـەی واتـە، (فەلسـەفەی پـارە)[12] (1907) هاوڕێکـترین هەڵسـەنگاندنی سەبارەت بە فۆرم و ناوەڕۆکی کەلتووری مۆدێـرن لەخۆ گرتووەو بوو بە چوارچێوەیەکی تیۆری بـۆ نووسینەکانی دواتری. (زیمیل) لە هەواڵێکدا کە بۆ

پرۆپاگەندەی کتێبە تازەکەی بڵاوی کردەوە (ئەم کارە لەو سەردەمەدا باو بوو). مەبەستی خۆی لە نووسینی ئەم کتێبە بە فەراهەمکردنی تەواوی بەسەر ماتریالیزمی مێژووییدا ڕاگەیاند. ئەو لەبری ئەوەی وەك (مارکس) سەرنجی بارودۆخی (مادی) بدات –فاکتەری ئابووری– کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئابووری پارە (دراو). لە بنەڕەتدا حەزی بە دەستنیشانکردنی ئەو شێوە جۆراوجۆرانە دەکرد کە بە هۆی ئەوانەوە کۆمەڵگایەکی بونیاتنراو لەسەر ئابووری پارەی کەلتوور و کەواتە پەیوەندی تاك لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەگۆڕێت (Poggi 1993: 62-8). (زیمیل) هەوڵی دەدا دەروونناسی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ئابووری پارە (دراو) دەستنیشان بکات و هەروەها ئەو شێوە جۆراوجۆرانە وەسف بکات کە ئەم دەروونناسییە کۆمەڵایەتییە بە پاڵپشتی ئەوان (ژیانی ناوەکی و دەرەکی)مان ڕێکوپێك دەکات (Kracauer 1995: 250).

(زیمیل) [(1907) 1991: 210] ئەوەش دێنێتەوە یاد کە پارە خۆی لە خۆیدا هیچ بەهایەکی نییە بەڵکو

ئامرازێکـه بـۆ ئاسـانکردنی ئـاڵوگۆڕی کاڵاکـان و خزمەتگوزارییـــــەکان. پــــارە ئـــــامرازێکی (ئەبسـتراکت)[13] و (ناشەخسـی)[14]یـە. لـە ڕاسـتیدا شتێك نییە لەوە زیاتر کە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. کەواتە پارە لایەنگیری عەقلانی بەرامبەر بە جیهان فراوانتر دەکات و لێرەوە باسەکەی (زیمیل) هەم لەگەڵ تیۆری (مارکس) و هەم لەتەك (فیبەر)دا وێکچوونێکی ئاشکرای هەیە. بەڵام (زیمیل) ئەوە زیاد دەکات کە ڕەنگە ئەم عەقلانییەتە لای هەندێ کـەس تـەحریف بکـرێ کـە پـارە لـە خۆیـدا بـە شـــــێوەیەکی ناعـــــەقلانی وەك ئامـــــانجێك لەبەرچاو دەگرن.

بۆ نموونە بەرچاو تەنگ، یەك ئەسڵ (بنەما)ی کۆمەڵایەتییەکـە "بەختـەوەری تەنـها لـە هـەبوونی پارەدا دەبینێت بێئەوەی کە سەرقاڵی موڵکایەتی و بەهرەمەند بوون لە شتومەکە تایبەتییەکان بێـت" (زیمیل 179 :1971). لەگەڵ ئەوەشدا، لای کەسـێکی دەسـتبلاو "جەزابیـــەتی کــاتی هەڵســەنگاندنی عـەقلانی پـارە یـان کـالا دەخاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیەوە". (Simmel 1971: 182).

پــــارە، بـــە جیاکردنـــەوەی دەرگیرییـــە سۆزدارییەکان لە مامەڵە ئابوورییـەکاندا، ژمـارەی بەشداربووانی کڕین و فرۆشتن دەستەبەر دەکاتو ئازادی تاك بە پچڕاندنی پەیوەندییە بەرفراوانـەکان لە بەرامبـەر گروپـی یەکـەمیندا (وەك خـێزان، یـان خێڵ) زیاتر دەکات، بەم جۆرە پـەرە بـە جیهانبینی تاکخوازانە ئەدات. پارە تاك بەرەو خواستی ئایندە هان دەدات –بە تێڕوانین لە جیهان بـە پێی تازەیی و زوو تێپـــەڕینی– و کەواتـــە رێزگرتـــن و خۆشەویستی پەیوەندی خزمایەتی ناهێڵێت.

تـەواوی ئـەم مەسـەلانە ئـازادی بەخشـن بـەڵام (زیمیـل) لایـەنی نێگـەتیڤی پـارەش لەبـەرچاو دەگرێت.

پارە لەنێو خەڵکیدا بەربەستێك دەهێنێتە ئاراوە و پلـە بە پلـە جێگـەی بەهایـەکی ڕەهـا دەگرێتـەوە. ئەو زیـاتر جـەخت دەکـات و دەنووسـێت "تـەواوی بێبـەزەیی پارە لـەناو کـەلتووری کۆمەڵگـەدا ڕەنـگ دەداتـەوە کـەلتوورێك کـە پـارە دەسـت نیشـانی دەکات (Simmel [1907] 1991: 344).

بەم جۆرە وا دەردەکەوێت کە جیهان بە شێوەیەکی ساردو بێ ڕۆح و ئامێری کاردەکات، هەڵبەتە بەو فەرزە پاڵەکییەی (ضمنی) کە ڕەنگە بەبێ ڕەچاوکردنی بەهاکان، باوەڕەکان و لایەنگیری عاتیفی کەسانێك کە کۆمەڵگا پێك دەهێنن، جیهانی کۆمەلایەتی ڕێك بخەین و نەزمی پێ بدەین. بە کورتی زیمیل (1991 [1907]) ئەم کاراکتەری عەقڵ خوازانەی ژیانی کۆمەلایەتی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

بە گشتی، دەتوانین کارکردگەلێکی ئەندێشمەندانەی کە لە ئێستادا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەتەك جیهان و بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارگەلی تاکەکەسی و کۆمەلایەتی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ بە کارکردگەلێکی (حسابگەرانە) لە قەڵەم بدەین. ئامانجی ناسینی ئەوانە بریتیە لە وێناکردنی جیهان وەك مەسەلەیەکی گەورەی (حساب) و هەروەها تەسەورکردنی ڕووداوەکان و جیاوازی چلۆنایەتی شتومەکەکان بە شێوەی کۆمەڵێك ژمارە (لاپەڕە 44—443).

جیاوازی کۆمەڵایەتی لە (پایتەخت)دا

(زیمیل) وەك (دۆرکهایم) مەیلی لە دیاردەی جیاوازی کۆمەڵایەتی بوو و بە پێچەوانەی (دورکهایم)ەوە کە زیاتر سەرنجی دابەشکردنی کاری دەدا، ئەو مەیلی بە شێوەکانی دەسەڵاتی جیاوازی کۆمەڵایەتی بوو لە تەواوی لایەنەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەدا. ئەو دەیوت لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا تاکەکان شوناسی خۆیان لە "گروپ"ەوە وەردەگرت و لەم ڕووەوە گەلەك گردبوون. ئەم بارودۆخە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بە هۆی هەبوونی دامەزراوگەلێکی میانڕەوەوە وەك سەندیکا پیشەییەکان کە وەك بەربەستێك لە نێوان تاك و کۆمەڵگادا کاریان دەکرد، گۆڕا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەسەلەیە بە هۆی تاکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاوە نایەکسانیەکی زیاتری دەهێنایە ئاراوە، بەڵام هەستی شوناسی تاك هەنووکە تا ڕادەیەکی زۆر لەتەك شوناسگەلی تایبەتی گروپەکاندا، دیار یدەکرا.

جیهانی مۆدێرن ئەم پەیوەندییانەی بە شێوەیەکی بڕاوەیی (قطعی) گۆڕی. (زیمیل) حەزی دەکرد بە کەڵکوەرگرتن لە خوازە ئەندازەییەکان وەسفی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات و لەم ڕووەوە زیاتر دەربارەی وابەستەییە گروپییەکان، واتە کۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسەی دەکرد.

بە پێچەوانەی جیهانی پێش مۆدێرنەوە، کۆمەڵگای مۆدێرن خۆی لە خۆیدا فرەچەشنییە بەو مانایەی کە تاکەکان لە خاڵی لێکجودا و کۆڕگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیدا ئەژین.

هەرکام لەم کۆڕە جۆراوجۆرانە بەشێك لە زەمان، وزە و دەربەستی تاك داگیر دەکەن و وابەستەییە جۆراوجۆرەکان کەم تا زۆر لەگەڵ وابەستەییەکانی دیکەدا سازگارن. لەم ژینگەیەدا، کۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە (تاك) بە ویستی خۆی بۆ بەشداریکردن هەڵیان دەبژێرێت، سەربەخۆیی و نادۆگماییەکی زۆری لە گفتوگۆدا دەربارەی ئەرکە جۆراوجۆرەکانی وەفاداری پێ دەدات (Simmel [1908] 1995).

یەكێك لەو گۆڕانكارییە گرنگانەی كە ڕوودەدات لە ئاكامی ئەو (تانوپۆ وابەستەییە گروپی)[15] یە ئاڵۆزەوە كە (تاك) گرفتار دەكات، ئەوەیە كە بەشگەلێك لە ژیانی (تاك) لەبەرچاوی ئەندامانی ئەو گروپە جۆراوجۆرانەی كە (تاك) تیایاندا بەشداری دەكات شاراوەتەوە. دەرئەنجامی تەواوی ئەوانە ئەوە نییە كە جیاوازی نێوان قەڵەمڕەوی گشتیو تایبەتی بەرجەستەتر ئەبێت، بەڵكو لەوانەیە دونیای دەروونی تاك نهێنیگەلێكی تیا بێت كە تەنانەت بۆ نزیكترین ئاشناو دۆستەكانیشی ئاشكرا نەبێت.

(زیمیل) حەزی لەو كەشوهەوایە بوو كە تیایدا ژیانی مۆدێرن ڕووی دەدا و هەر بەم هۆیەوە بە تایبەت حەزی لە شار بوو، چونكە لە ڕاستیدا كۆمەڵگای مۆدێرن لە (پایتەخت)دا دروست بوو و بەقووڵترین و بنچینەییترین شێوە لەوێدا تەكامولی كرد. (زیمیل) یەكەمین كۆمەڵناسی ژیانی شاری مۆدێرن بوو هەرچەند هاوچەرخەكانی تری وەك (فیبەر) و زانای فەڕەنسی (فوستل دوكولانژ)[16] بە

شـــێوەیەکی وردبینانـــە ســـەبارەت بـــە شـــار بابەتگەلێکیان نووسیبوو.

بە سـەرنجدان لـە ژیاننامـەی زیمیـل نابـێ ئـەم مەلەسـەیە هێنـدە سەرسـوڕهێنەر بێـت، چونکـە (زیمیل) ساڵە سـەرەتاییەکانی ژیانی لـە نـاوەندی (بەرلین)دا بەسەر برد لە چوار ڕایەکی بازرگانی کە بە گۆڕەپانی (تـایمز)ی نیویـۆرك بـەراورد کـراوە و تەواوی ژیانی جگە لە چوار ساڵی کۆتایی تەمەنی لە (بەرلین) ژیا کە شارێکی بزۆز بوو ڕۆژ بە ڕۆژیش بە خێرایی گەشـەی دەکرد (Frisby 1992: 99, coser 1972: 194).

لەمـــەوە کـــە ئـــابووری پـــارەیی (دراوی) بـــۆ پێکـهێنانی فەرهـــەنگی مۆدێـــرن ڕۆڵێکـــی بـــاڵای هەبوو، هەروەها لەوکاتـەدا کە ئابووری پارەیی لـە پایتەختدا تا ڕادەیەك دەستی کرد بـە پەرەسـەندن، لـە شاردا بـوو کـە (تـاك) ئـەیتوانی چـاوەڕێ بکـات کەلتووری مۆدێرن لـە ئاشکراترین شێوەی خۆیـدا ببینێـت. (زیمیـل) لـە وتـارێکدا لـەژێر نـاوی "پایتـەخت و ژیـانی ڕەوانـی)[17] (زیمیـل 1903) کـە چوار ساڵ بەر لە بڵاوبوونـەوەی"فەلسـەفەی پـارە"

[زیمیل (1907)] بڵاوکرایەوە، کاریگەرێتی کەلتووری مۆدێرنـــی لەســـەر دەروونناســـی کۆمەڵایـــەتی شارنشینان هەڵسەنگاندووە.

لەم وتارەدا خوێنەر هەست بە ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانـــە دەکـــات کـــە (دورکـــهایم) و (فیبـــەر) خستوویانەتە ڕوو. بـۆ نموونـە، (زیمیـل) بابـەتی (دورکـــهایم)ی دەخاتـــەڕوو کـــە بریتییـــە لـــە پەرەسەندنی وابەستەیی بەرامبـەر لـە کۆمـەڵگادا. ئەو لەتەک (دۆرکهایم)دا هاوڕا بوو کە ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیـەکی زۆر سـەرچاوەی لـە خـێرایی پێـوەری پسپۆڕی کارەوە وەرگرتووە، بەڵام لەو بڕوایەدا بوو پێویستی جۆرەها هاوئاهەنگی ئـاڵۆزیش لـە تـەك توند بوون و ئاڵۆزبوونی ژیانی شاردا دەرکەوتووە. (زیمیل) (1328: 1971) بیری لـەو ئاشووبە دەکـردەوە کـە ئەگـەر تەنانـەت بـۆ یـەك کـاتژمێریش تـەواوی کاتژمێرەکانی (بەرلین) بە هەڵە کار بکـەن، ژیـانی بازرگانی لەو شارەدا دووچاری ڕاوەسـتان دەبێت.

بـەم جـۆرە، ڕسـتە سـەرەتاییەکانی وتارەکـەی (زیمیل 1971) لە نیگەرانی سەبارەت بە چارەنووسی

تاك لە بەرامبەر عەقڵانی بوونی فرەیی جیهاندا لەتەك نووسینەكانی (فیبەر)دا هاودەنگن، بەڵام بە بێ بەكاربردنی وێنایەكی بەدبینانەی وەك تەسەوری قەفەسی ئاسنین:

قووڵترین مەسەلەكانی ژیانی مۆدێرن لە هەوڵ و تەقەلای تاكەوە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و تاكایەتی لە بەرامبەر هێزە دەسەڵاتدارەكانی كۆمەڵگا و هەروەها لە بەرامبەر قورسی میراتی مێژوویی و كەلتووری دەرەكی و تەكنیكی ژیاندا سەرچاوەی گرتووە (ل 234).

ئەو، وەك (فیبەر) مەیل بە (كاتناسی قایلبوون بە لێپرسینەوە و (وردبوونەوە)ی بە هەڵقوڵاوی هێزەكانی جیهانی مۆدێرن دەزانی. ئەو دەیوت لە شاردا دەتوانرێ جەختی زیاتر لەسەر عەقڵانییەت بكرێت، چونكە عەقڵی جێنشینی نەرێت و كاری باو، فاكتەرێكی سەرەكییە بۆ ڕێنماییكردنی ژیانی ڕۆژانە. (زیمیل) وەك (فیبەر) ناڕەزایی لەو هەڕەشەیە دەربڕی كە كەلتووری مۆدێرن بە جەختكردن لەسەر عەقڵانیەتی ئامێری ئاراستەی سەربەخۆیی (تاك)ی دەكرد. لەگەڵ ئەوەشدا،

(زیمیل) حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ (گشتییەتی) سیستماتیکی کۆمەڵگا سونەتییەکان، چونکە لەوە گەیشتبوو کە کۆمەڵگای مۆدێرن بە شێوەی گاڵتەجاڕی هەم دیاردەی (تاکخوازی) دەخاتەوە و هەم یارمەتی بێهێزکردنیشی دەدات.

ئەو بە پەرۆشەوە بە لێکۆڵینەوەی ڕەوشگەلێکەوە خەریك بوو کە تاکەکان بە یارمەتی ئەوانە لێناگەڕێن ژیانی مۆدێرن لەناو خۆیدا غەرقیان بکات. بۆ نموونە، (زیمیل) خۆپاراستنی شارنشینانی -یان گوێپێنەدانی ئەوان-ی بە وەڵامێك بۆ غەرقکردنی ڕەوان دەزانی بە هۆی جۆرەها ئەنگیزەی بەردەوام و گۆڕاو، کە بەدەر لەو حاڵەتەدا (تاك) بە ئاسانی لەناو ژیانی مۆدێرندا دەخنکێنێت (Simmel 1971: 325-29) ئەو شتەی کە هەندێ کەس بە ساردی یان گوێپێنەدانی شارنشینان بیریان لێ دەکردەوە، ئەو بە ئامرازێکی پێویستی دەزانی بۆ پارێزگاریکردن لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەی لە تاکایەتی دەکرا.

تراژیدیای کەلتوور

(زیمیـل) [1977 (1892] دژایــەتی نێــوان تــاك و بونیــادی کۆمەڵایــەتی لــە پشــت ئــەو دیـــدە فەلسـەفییەوە دەبینـی کـە لـە لایـەن فەیلەسـوفی ئەڵەمانییەوە (کانت) پێکهاتبوو، بوونی مرۆڤی بە پێی دژایەتییەکی دووفاقی کە ژیانی لە بەرامبـەر (فۆرم)[19]دا دائەنا، وەسـف کـرد. ژیـان بـەهێزێکی ناسـنورداری داهێنــەرێتی (خلاقیــت) لەبــەرچاو دەگیرا لە کاتێکدا کە (فۆرم)ەکان وەك هەندێ دەفر وێنا دەکران کە ژیان سنوردار و کۆنترۆڵ دەکەن. کەواتــە هــەموو بوونـــی مــرۆڤ ململانێیـــەکی بەردەوامـە لەگـەڵ ژیـاندا بـۆ زاڵ بـوون بەسـەر (فۆرم)دا. بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە ژیان خـۆی لەدەسـت فۆرمێـك ڕزگـار دەکـات، بـە ناچـار ڕووبــەڕووی فۆرمێکــی تــازە دەبێتــەوە-و، لــە ڕاسـتیدا، فۆرمێکـی تـازە دەخوڵقێنێـت. لۆژیکـی بەرهەمــهێنانی کــەلتووری پێویســتی بــەکاری خوڵقـاندن و وێرانکـاری هەیـە. ئەمـە پێداویسـتی خەسڵەتی وێرانکەری ئەم پرۆسەیەیە کە (زیمیل)

هان دەدات قسە لەسەر تراژیدیای کەلتوور بکات (Nedelmann 1991).

تا ڕادەیەك (زیمیل) ئەم بابەتەی بە شێوەیەیکی نامێژوویی لەبەرچاو دەگرت (Simmel 1959, weingartner 1960).

بە کورتی، توانای چارەسەرکردن و وەلاوەنانی ئەم ناکۆکیەی نەبوو" و هەڵبەتە ئەم ناکۆکییە بە سادەیی بەشێك بوو. لە بارودۆخی مرۆڤ. کەسانی مارکسیستی وەك (جۆرج لۆکاش) خوێندکاری پێشووی، ڕەخنەیان بە هۆی ئەو (خواستەوە) لێدەگرت کە کەلتووری بە شتێکی (بێ زمان) لەبەرچاو دەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا (زیمیل) بە شێوەیەکی هاوئاهەنگتر لەوەی کە (لۆکاش) دەیخواست. خەسڵەتی مەرجداری مێژوویی ئەم پرۆسە دیالێکتیکیەی لە عیشقی خۆیەوە بۆ دژایەتییە جۆراوجۆرە تایبەتەکانی کەلتووری مۆدێرن دەسەلماندا. دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر (زیمیل) لەگەڵ هەڵسەنگاندنی فیبەردا لەسەر خەسڵەتی ستەمگەرانەی عەقلانیبوونی بوروکراتیك –فۆرمی بونیادی کۆمەڵایەتی کەلتووری مۆدێرن

پێك دەهێنێت- هاوڕایە، بەڵام شێوەی تێڕوانینی ئەو جیاواز بوو چونکە لە بنەڕەتدا حەزی بە بەتاوتوێکردنی ئەو شێوانە بوو کە تاکەکان بە هۆی ئەوانەوە وەڵامی چوارچێوەکان و زۆرەملێکانی مۆدێرنەیان دەدایەوە (Simmel 1971, 1984, Halton 1995).

بەرەو (ئاقاری) کۆمەڵناسی بێکاری

(زیمیل) یەکەمین کۆمەڵناس بوو کە بایەخی دا بە جیهانی بێکاری و مەسرەفگەرایی. بۆ نموونە ئەم مەلەسەیە لە وتارێکیدا بە ناوی (مۆد)[20] (1904) بە ئاشکرا دەردەکەوێت. ئەو لەم وتارەدا هۆکارە جۆراوجۆرەکانی گۆڕانی (مۆد) چ پەیوەندی بە جلوبەرگ، چێشتلێنان و، هونەر و، کۆشکسازی، مۆسیقاوە هەبێت یان بە شتانی دی- لەناو کەلتووری مۆدێرندا دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنەوە. بە پێی لافلێدانی ئەو هۆکاری سەرەکی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە ڕۆژگاری مۆدێرن (سەردەمێکی عەسەبی) ترە، چونکە بە پێچەوانەی ڕابوردووەوە چەشنە هەڵبژاردنێکی جۆراوجۆر بۆ

(مەسرەفکەران) دەخرێتە ڕوو کە شێمانەی ئەوە بە تاکەکان دەدات خۆیان لەوانی دی جیابکەنەوە. بە واتایەکی تر خەڵکی بە مۆدگەلی تازە و جیاواز بە ئاهەنگێکی خێراتر جەزب دەبن، چونکە دەیانەوێت فـــۆرم (شـــکل) بـــە شوناســـی جیـــاوازی تاکەکەسیان بدەن.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا (مـــۆد) تەنـــها مەســـەلەی هەڵبژاردنی تاکەکەسـەکان نییـە، لـە ڕاسـتیدا ئـەم هەڵبژاردنانـــە دابەشـــکردنی چینایـــەتی و جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن. (زیمیل).

(ئەنتی تز)ی نێوان مەیلی جیاوازی تاکەکەس –مەیل بە جیابوونەوە و هاوتابوون –و خواست بە بەرابەری کۆمەڵایەتی– مەیلی تەواوی تاکەکان بە چاوپۆشیکردن لە پێگەی چینایەتی بۆ قایلبوون بە (مـۆدە) باوەکـان دەستنیشـان ئەکاتـەوە کـە هـەم بەشێکە لـە ئەنگێزەیـەك کـە لـە دوای هـەڵبژاردنی (مۆدە)کانـەوە جێـی گرتـوو و هـەم بەڵگەیەکـە بـۆ دەورەی ژیـانێکی ناپایـەدار و کورتخایـانی هـەر (مۆد)ێکی تایبەت.

.(Simmel 1971: 262, Lipovetsuy 1990, 1994 Nadelman)

(زیمیل) 1971 به شێوەیەكی وردبینانه ئەڵێ:

وا پێویست دەكا كه چیەتی تایبەتی (مۆد) تەنها له یەك زەماندا بەدەست بەشێك له گروپێكی دیاریكراوەوه بەكار ببرێت و زۆربەی تاكەكانیش به تەواوی پەسەندی بكەن. هەركه نمونەیەك به گشتی پەسەندكراو هەر ئەوەی كه كارێك لەسەرەتادا ژمارەیەكی كەم له خەڵكی ئەنجامیان داوه و له ڕاستیدا هەمووان ئەنجامی بدەن.. ئیدی ئێمه قسه لەسەر (مۆد) ناكەین. (مۆد) هەر بەو جۆرەی كه پەرەدەسێنێت هەر بەو شێوەیەش ورده ورده بەرەو نابودی دەچێت. (لاپەڕە 302).

ڕەنگە، (زیمیل) (1971: 313–14) تا ڕادەیەكی ناكۆكئامێز پێی وابووبێت كه (مۆد) یەكێكه لەو شێوانەی كه به پاڵپشتی ئەو خەڵكی هەوڵ دەدەن (ئازادی دەروون)یان بپارێزن.

ئامادەی بۆ پەیڕەوی له هۆكاره دیاریكراوه دەرەكییەكانی (مۆده) ڕەوانەكان و وابەستەبوون پێیانەوه، كاردانەوەی ئامادەییه بۆ چاوپۆشیكردن له سەربەخۆیی خود (ذات). به بڕوای ئەو ئەوه تەنها پەیوەندی به هۆكاره "دەرەكییەكانی

ژیانـەوە" هەیـە. ئـەم ئامادەییـە مۆڵـەت بـە (تـاك) دەدات کە لە ناوەڕۆکی ئەودا پاساوی خۆی لەمەڕ پاراستنی ئازاد دەروونی چڕبکاتەوە. (weinstein and weinstein 1993: 10-23).

ئـەو بـە شـێوەیەکی چونیـەك سـەرچڵی بـە جۆرێکـی کۆمەڵایـەتی مۆدێـرن لـە قەڵـەم دەدات. کەسـێك کـە لـە ڕووداوی سەرکێشـیەکدا دەرگـیر دەبێت، هـەوڵ دەدات لـە ڕووداوە یـەك جۆرەکـانی ژیـانی ڕۆژانـە بچێتـە دەرەوە و، لـە قەڵـەمڕەوی چالاکییـەکدا لەتـەك دەسـتوورئاهەنگی جیـاواز و تایبـەتدا هـەنگاو هـەڵبگرێت. کـارکردن لـە قەڵەمڕەوی پێویستدایە، بەڵام لە قەڵەمڕەوی کاتی بێکـاریدا سـەرچڵی و ئـاژاوەگێڕی ڕوودەدات. لـە جیـهانی بـیرۆکراتیك و عەقڵگـەرا و ئەفسـوون ڕەوێندا سەرکێشی ئەو دەرفەتە بۆ (تاك) فەراهەم دەکات -هەرچـەند کەمخایـەنیش بێـت- کـە لـە زۆرەملێی و چوارچێوەکانی ئەو جۆرە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییـە ڕزگـاری بێـت. سەرکێشـی مـژدەی هەڵچوون و داهێنان و خۆکرانەوە دەدات.

لـەو ڕووەوە نموونەیـەك کـە (زیمیـل) قسـەی لەسـەر دەکـات، سەرکێشـی ئـەوینێکی نهێنییـە (شـاراوە) لەتـەك ئاوێتەیـەکی ئـارەزوو فریـودەر و مەترسیهەڵگر،

.(Simmel 1971: 187-98, Lymandscott 1975: 147-58)

ئەو شتەی کە (زیمیل) دەیخستەڕوو یەکێك بوو لـە لایەنـە زۆر گرنـگ و بەرفراوانـەکانی ژیـانی مۆدێرن، لایـەنێك کـە لەوەوبـەر لـە توێژینـەوەکانی کۆمەڵناسـیدا بـە تـەواوەتی فـەرامۆش کرابـوو. چەمکی سەرکێشی هـەندێ چالاکی جۆراوجـۆری لەخۆدەگرت کە بریتی بوو لە گەشت و کێبـەرکێ وەرزشـییەکان و قومـار و چالاکییـەکانی دەرەوەی مـاڵ وەك، گەمیـەوانی و شـاخەوانی. بـە کورتـی کۆمەڵناسی (زیمیل) لـەو بڕوایەدایـە کـە مۆدێرنـە (مومکینە) لە کاتێکدا دەرك بکرێت کە هەوڵ بدەین تا لە پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان کار لەگەڵ گەمە و هەروەها قەڵەمڕەوی پێویستی (ضرورت) لەگەڵ قەڵەمڕەوی بێکاریدا تێبگەین.

.(Sellerberg 1994: 75-82, Simmel 1971)

دەربارەی ئەوەی کە ئایا دەبێ (زیمیل) بە مۆدێرن یان پۆست مۆدێرن بزانین، ئومێدەوارم بە گەڕانەوە بۆ پێناسەگەلی کاتی ئەوەمان ڕوونکردبێتەوە کە پێناچێت ئەو لە قاڵبی هیچ کام لەو دوو خواستە (گرایش)ە فەرهەنگییەدا بە تەواوەتی بگونجێت. هەر بەو شێوەیەی کە توێژەرەوەی دێرینی بەرهەمەکانی (زیمیل) (دۆناڵد لوین)[21] (1985) وتوویەتی: ئەمەش لەبەرئەوەیە کە جیهانێك کە ئێمە تیایدا دەژین تەواو نادیار یان تەمومژاوییە، کەواتە نە گەشبینی زیادەڕە و پاساو هەڵئەگرێت و نە بەدبینی. جیا لەمانەش ڕەنگە ئەو شتەی کە ئێمە بە پۆست مۆدێرن ناودێری دەکەین لە ڕاستیدا نیشانەیەکی سەردەمی مۆدێرن بێت، واتە لایەنە نێگەتیڤ یان شێوە تاریکەکەی. ئەتوانین بڵێین (زیمیل) ڕەنگە زیاتر لە هەموو ئەو تیۆرسێنە کلاسیکانەی دی کە تاوتوێمان کردن نادیار بوونی سەردەمەکەی خۆی دەرك کردبێت و لە ڕاستیدا کۆمەڵناسی (ئەو) بە ڕەنگدانەوەی قووڵی ئەم تێگەیشتنە لە قەڵەم دەدرێ.

ڕۆبەرت پارك و قوتابخانەی شیكاگۆ

(زیمیل) دەیزانی لەبەرئەوەی كە تیۆر یان ڕەوشێكی سیستماتیكی كۆمەڵناسی بەجێ نەهێشتووە، میراتە فكرییەكەی وەك دراوگەلێك لەناو كۆمەڵناسانی دوای خۆی دابەش دەكرێت و بە شێوەگەلی جیاواز و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر كەڵكی لێوەردەگرن. یەكێك لەو توێژەرەوانەی كە زیاتر لەوانی دی كەوتە ژێر كاریگەری ئەندێشەی (زیمیل)ەوە (ڕۆبەت پارك)[22] بوو یەكێك لە بەرجەستەترین كەسایەتییەكانی قۆناغی پێكهێنانی پەرەسەندنی كۆمەڵناسی ئەمەریكا. ئەوەی كە (ئەو) چۆن بە كەسایەتییەكی تەوەری لە پێكهێنانی ئەو شتەی كە بە "قوتابخانەی كۆمەڵناسی شیكاگۆ" ناوبانگی دەركرد، پرۆسەیەكی درێژخایان و ناڕاستەوخۆ بوو، بەڵام گومانی تێدا نییە كە (پارك) لەو ڕەوەندەدا ڕۆڵێكی گرنگ و بەرجەستەی هەبوو.

(پارك) ساڵی 1864 –ساڵی لەدایكبوونی ماكس فیبەر– لە دایك بوو و ساڵانی پێكهێنانی ژیانی لە

ناوچەیەکی تا ڕادەیەك گوندنشینی (ڕۆدینگ)[23]دا لە (مینسوتا)[24] بەسەر برد. تەنها ڕووداوی گرنگی سەردەمی لاوێتی کە (پارك) لە ساڵانی دواتری ژیانیا لە یادهێنانەوەی چێژی دەبرد ڕووبەڕووبوونەوەی بوو لەگەڵ (جسی جیمز)[25]دا جەردەیەك کە ناونیشانی ئەو گەڕەکەی لەو وەرگرتبوو (Raushen bush 1979, 6).

(پارك) مینسوتای جێهێشت تا خوێندنی باڵا لە زانکۆی شیکاگۆدا درێژە پێبدات و لەوێدا بوو کە لە پۆلەکانی وانەی فەیلەسوفی بەناوبانگ (جۆن دیڤی)[36] بەشداری کرد. ئەو دوای خوێندن کاری بۆ ژمارەیەك لە ڕۆژنامەکانی شار دەکرد. ئەم قۆناغەی ژیانی کاتێك کۆتایی هات کە گەڕایەوە بۆ کۆلیژ و چووە زانکۆی هاوارد تا لە بواری فەلسەفەدا درێژە بە خوێندن بدات. لەو شوێنەدا مامۆستایانی ڕێنمویکەری دانشمەندگەلێکی بەرجەستەی وەك (ویلیان جیمز)[27] و (جۆرج سانتایانا)[28] و (جۆسا یارویس) بول.

لەو سەردەمەدا ئەو وەك زۆرێك لە هاووڵاتییەکانی بە مەبەستی خوێندن سەفەری بۆ

ئەڵەمانیا کرد. ساڵی 1899 بۆ یەکەم جار لە (زانکۆی بەرلین) بە ئامادەبوونی لە وانەکانی (زیمیل)دا ڕووبەڕووی کۆمەڵناسی بووەوە. لە ڕاستیدا تێکڕای ئەم وانانە فێرکاری ڕەسمی (پارک) یان لە زەمینەی کۆمەڵناسیدا پێکهێنا. جێی سەرسوڕمان نییە کە (زیمیل) هەر بەو شێوەیەی کە مێژوونووسی هزرمەند (فرید مەتیوز)[29] (34: 1997) نوسیویێتی: (بە تەنهایی گرنگترین کاریگەری لەسەر تیۆرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی، پارک هەبووە)

(پارک) لەم باوەڕەدا لەگەڵ (زیمیل)دا بەشدار بوو کە مۆدێرنە ئاشکراترین ڕوخساری خۆی لە شاردا ئەنوێنێت. پارک (167 :1950) زەمانێک سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەوەی ئاشکرا کرد کە جیهان "ڕەنگە لە نێوان دوو چیندا دابەش بکرێت: کەسانێک کە گەیشتوونەتە شار و کەسانێک کە هێشتا نەگەیشتوون". پارک (87 :1952) بە واژەگەلێک کە گوایە بە خامەی (زیمیل) نووسراون نوسیویەتی "لە شاردا هەموو بەرزەفڕییە نهێنییەکان و تەواوی ئاواتە ئاشکراکان دەرفەتێک بۆ خۆدەرخستن پەیدا

دەکەن. شار سروشتی مرۆڤ بە تەواوی ئاشکرا دەکات و بڵاوی دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت".

کۆمەڵناسی مۆدێرنەی (پارك) لە ڕادەبەدەر جەختی لەسەر وردە گرووپە جیاوازە شارنشینەکان دەکرد. ئە و شتەی کە (پارك)ی لە مامۆستاکانی جیادەکردەوە خۆشەویستی توندی ئەو بوو لە بەرامبەر گرووپە ڕەگەزی و نەتەوەییەکاندا کە لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرەو شارەکان کۆچیان کرد. ئەمە ڕەنگدانەوەی پیشەیی ئەمەریکایی ئەو بوو، چونکە گرنگی جیاوازییە نەژادی و نەتەوەییەکان لە شارەکانی ئەمەریکادا گەلەك ئاشکراتر بوو لە شارەکانی ئەڵەمانیای (زیمیل)

Park 1950, Burgess, and Mckenzie 1925: Lal 1990,)

.(Kivisto 1990

لەگەڵ ئەوەشدا پێش ئەوەی پەرە بە دیدگا کۆمەڵناسیەکەی خۆی بدات سەرلەنوێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە زانکۆ دوورکەوتەوە. دوای ئەوەی کە لە ئەوروپا گەڕایەوە بۆ هاروارد، باسەکەی

(نامیلكەكەی) تەواو كرد كە گەڵاڵەكەی لە ئەلەمانیا دارشـــتبوو. چـــاوەریی دەكـــرد بـــەو بروانامـــە دكتۆرایـــەی كـــە تـــازە وەریگرتبـــوو بـــە دوای كـــاری زانكۆییدا بگەریت، بـەڵام لـە جیـاتی ئـەوە رویكـردە هـــەمان پیشـــەی رۆژنامەگـــەری و ئـــەمجارەیان بـــە شـیوەیەكی سـەربەخۆ و بـە خۆشەویسـتییەوە بـۆ ریفۆرمە كۆمەڵاییەتییەكان.

لـــەو ســـەردەمەدا (پـــارك) بـــە چالاكییـــەكانی ئەنجومـــەنی ریفـۆرمـــی (كۆنگـــۆ)وە دەرگـــیر بـــوو، ریكخراویـك كـە ئامـانجی فـیركردنی خـەلكی بـوو سەبارەت بە وەبەرهینانی (استثمار) بیرەحمانـەی خەلكی (كۆنگۆ) لە لایەن بەلچیكاوە، ئەو سـەردەمە شا (لئوپولد) جلـەوی كاروبارەكـانی بـە دەسـتەوە بوو. ئەو سكرتیری ئەم ئەنجوومەنە بوو و زنجیرە وتاریكی ریسواگەرانەی لەگەل هـەندیَ ناونیشـانی وەك (پارەی خوینی كۆنگۆ) و (چیرۆكی ترسـناكی كۆنگـــۆ)ی نوســـی كـــە لـــەو چاپەمەنیانـــەی زۆر ئەخویندرانەوە وەك گۆڤاری (مانسی)[30] و گۆڤـاری (ئیڤری بۆدی)[31] و (ورەلد تـودەی)[32]، بلاوكرانەوە (Lyman 1992, Kivisto 1993).

ئەو شتەی کە بە تایبەت لەم وتارانەدا ئاشکرا بوو پشتیوانیکردنی وتەیەکی مامۆستای پێشووی (ویلیام جیمز) بوو کە دەڵێ "پێشکەوتن شتێکی مەترسیدارە". (ستانفۆرد لیمن)[33] (44: 1992) ئاماژە بە ڕەخنەیەکی (پارک) دەکات لەژێر ناوی (دورنمای گوتیک) و مەبەستی ئەوەیە کە "ڕەخنە ئەو هوشیارییە بە خوێنەرەکانی دەدات کە لە بنەمای کۆمەڵایەتی مۆدێرنەدا ترسگەلێکی واقعی و باو دێتە ئاراوە".

هەر لە ڕێگەی بەشداریکردنی ئەو ئەنجوومەنەوە بوو کە (پارک) لەگەڵ بەرجەستەترین ڕێبەری ڕەشپێستی سەردەمی خۆی واتە (بوکەر واشستنەن)[34] ئاشنابوو. (واشنتەن) داوای لە (پارک) کرد کە ببێ بە نوێنەری چاپەمەنییەکەی کە بنکەیەکی فێرکاری بوو لە (ئالاپاما)، واتە ئەنستیتۆی (توسکیگ)[35]. (پارک) قایل بوو و بەم جۆرە دەستی کرد بە دەورەی کاری حەوت ساڵە لە ناوچەکانی باشووردا.

لەوێدا (پارک) بەرپرسی (پەیوەندییە گشتییەکان) و نووسەری پشت پەردەی بنکەی

واشینتەن بوو. لەو ماوە درێژخایانەدا ئەم سپی پێستە باکورییە سەبارەت بە مەسەلە ڕەگەزیەکانی باشووری ئەمەریکا و کەلتووری ئەمەریکاییە بە ڕەچەڵەك ئەفەریقییەکان کە بنەمای گوندنیشینیان هەبوو گەلەك شت فێر بوو.

.(Matthews 1977: 57-84, Raushenbush, 1979: 39-63)

دەرئەنجام ژیانی زانکۆیی (پارك) دوای ئەم ماوە درێژخایانە بە فێربوونی شتانی تازە دەستی پێکرد. ئەو لە تەمەنی (49)ساڵیدا لە لایەن (تامس)[36] سەرپەرشتی ئەو کاتەی گرووپی کۆمەڵناسی زانکۆی شیکاگۆ و لەو زانکۆیەدا دامەزرا. دوای چەند ساڵێ بە پێی بڕیارێکی زۆرەملێیانە، (تامس) لە زانکۆدا بە هۆی گرتنییەوە بە تاوانی ئاکاری (لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە ئوتێلێکدا لەتەك ژنێکدا کە هاوسەری نەبوو) ڕێگەی بۆ (پارك) خۆش کرد تا سەرۆکایەتی ئەو گرووپە بکات. ئەو تا دوای 25 سال رەنگە بەرجەستەترین هزرمەند بووبێت لە زەمینەی پیکهینانی کۆمەلناسی ئەمەریکادا. لە راستیدا قوتابخانەی شیکاگۆ بوو بە سەنتەری دونیای

کۆمەڵناسی و، شاری شیکاگۆش تاقیگایەك بوو بۆ مامۆستایان و خویندکارانی زانکۆ.

پەیوەندییە رەگەزیەکان لە جیهانی مۆدیرندا

تەوەری ئەسلی کۆمەڵناسی (پارك) بە ئاگابوونە لەوەی کە جیهانی مۆدیرن لە ریگەی کۆچە گەورەکانەوە گرووپگەلیکی زۆری رەگەزی و نەتەوەیی لە سەرتاسەری جیهاندا لە دەوری یەك کۆکردۆتەوە کە بۆ وڵاتانێك کە لە سەنتەری سیستمی نوێی ئابووری جیهاندان -بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- کۆچیان کردووە. هەندێ لەو کۆچەرانە بۆ بەدەستهێنانی زەوی ڕوویانکردە گوندە دوورەدەستەکان بەڵام زۆربەی ئەوانەی کە لە سەدەی بیستەمدا کۆچیان کرد لەو شارە پیشەسازییانەدا نیشتەجێ بوون کە خەریکی گەشەکردن بوون، چونکە لەو شارانەدا بوو کە ئیمکاناتی ئەسڵی کارکردن هەبوو. کۆچەرەکان ناچار بوون خۆیان لەتەك ژینگە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە تازەکەیان هەروەها لەتەك ئەو گرووپە

جۆراوجۆرانـــەی کـــە ڕووبـــەڕوویان ئەبوونـــەوە، بگونجێنن. (Park 1950, 1972).

پارك بە تایبەت بایەخی بە دەستنیشانکردنی پرۆسـە سـازگارەکانی کۆچـەران دەدا. ئـەو وەك ڕیفۆرمخوازانـی سیاسـی ئـەو سـەردەمە لـەوە دەگەیشت کە کۆچەران لە تێپەڕبوونیان لە دونیای کۆنەوە بۆ دونیـای تـازە بـە زۆری جێگۆڕکێیـەکی ناخۆشیان تاقی کردۆتەوە.

تـازە گەیشـتووەکان لـە نێـوان دوو ژینگـەی کەلتوریدا دەژیان:

چیـدی ئـەوان بەشـێك نـەبوون لـە کـەلتورە کۆنەکەیان بـەڵام بەشـێکیش نـەبوون لـە کـەلتوری تـازەش. ڕەنگـە ئـەم مەسـەلەیە ئـەو شـتەی لێبکەوێتەوە کە (پارك) لە حاڵەتی جۆراوجۆردا بە (بێـهێزبوونی ڕۆح) یـان (شـڵەژاوی شەخسـی) نـاودێری دەکـرد، بـەو مانایـەی کـە کۆنترۆڵـە کۆمەڵایەتی و بەها فەرهەنگییەکان کاریگەریان لـە یەکپارچـەیی تـاك لەگـەڵ کۆمـەڵدا نـەبووە. ئـەم مەسـەلەیە کۆمـەکی دژواریگـەلێکی بـە زەبـری (بـالقوە) جۆراوجـۆری وەك نەخۆشـی دەروونـی و

خودکوژی و کردەوە خراپکارییەکان دەکرد (Park and Miller, 1921).

(پارک) تا ڕادەیەك هەر بەو جۆرە كە (زیمیل) کەسایەتی بێگانەی دەستنیشان کرد، کۆچەری بە (مرۆڤی پەراوێزی) لە قەڵەم دا.

لە کاتێکدا کە هەستی دژ بە کۆچکردن لە ولاَتە یەکگرتووەکاندا گەیشتبووە لوتکە، (پارک) خەریکی نووسینی بەرهەمەکانی بوو و دڵسۆزانە داکۆکی لە کۆچەران دەکرد. ئەو دژایەتی ئەو موحافیزەکارانەی دەکرد کە خوازیاری هەرچی زووتری بە ئەمەریکاییکردنی کۆچەرانی تازەهاتوو بوون. لە دیدگای ئەو (مەڵبەندخوازانەوە)[37] ئەوە چاوەڕێ دەکرا لەو بێگانانەی تازە هاتبوون کە دەبێ بە خێرایی و بە تەواوەتی واز لە ڕیشەی فەرهەنگی خۆیان بهێنن. (پارک) هاوشێوەی ڕیفۆرمخوازانی وەك (جین ئادامز)[38] لە (هال هاوس)[39]دا، جەختی لەسەر سنگفراوانی و قایلبوون وەك دژە ژارێك بۆ (نەتەوە تەوەری) دەکرد. (Deegan 1988).

کەواتە، ئەندێشەی (پارک)یش لە زۆر ڕووەوە لە ئەندێشەی هاوچەرخانی وەک (هـوراس کـاڵن)[40] و (ڕاندۆلـــۆف بـــۆرن)[41] دەچـــوو کە هـــەردووکیان لایەنگری (فرەچەشنی فەرهەنگی) بوون.

پلورالیستە فەرهەنگییەکان هەوڵیان دەدا گروپە بەرجەستە ڕەگەزیەکان بپـارێزن. (کـالن) (1914) تـا ئەو جێگایـەش پێی داگرت کـە وتـی دیموکراسـی پێویسـتی بـەم جـۆرە گۆڕانکارییـە هەیـە. (بـۆرن) هـێزێکی لـەناو کـەلتووری کۆچەرایـەتیدا بـەدی دەکرد کە ئومێدەوار بوو گیانێکی تازە بەو شتەی کە پێی وابوو فەرهەنگێکی تا ڕادەیەک ڕاوەستا و و بـێ خەیاڵـە ببەخشـێت. (پـارک) خـۆی بـە (واقیعخـوان)ێکـی سەرسـەخت دەزانـی و ڕەنگـە وا گومـانی کردبێـت کـە (کـاڵن) و (بـۆرن) لـە هـەندێ ڕووەوە کەسانی خەیاڵپەروەر و بێچارە بن.

(پـارک) وەک ئـەم دوو کەسـایەتییە ستایشـی جۆراوجۆر بوونـی کـەلتوورەکانی دەکـرد و لەتـەک هـاودەنگی ئینگلـیزیدا نـاکۆک بـوو. بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئـەم دوو هزرمـەندە خـۆی بـە وەسفکردنی واقیعییەتەکانی ڕۆژانە و ڕەوەندەکانی

ئایندەوە تەرخان دەکرد و لەو باسانەش خۆی دەپاراست کە قسەی لەسەر لە پێشتری (فرەچەشنی کەلتووری) دەکرد.

(پارک) لەتەک پلورالیستە فەرهەنگییەکانیشدا جیاوازی هەبوو، چونکە ئەو پێی وابوو لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا ناتوانرێت کەلتوورە بەرجەستە نەتەوەیەکان بپارێزێت. ئەم کەلتوورانە بە هۆی کرداری بەرامبەرەوە لەتەک گرووپەکانی دیکەدا و هەروەها بە هۆی کاریگەرێتی کەلتووری نەتەوەیی بە دەسەڵاتی ئەمەریکاوە دووچاری گۆڕان و پووکانەوە دەبن. (پارک) لەو بڕوایەدا بوو کە (چوونیەکی) هێزێکی یەگجار بە دەسەڵاتە لە ئەمەریکادا کە نکوڵی لە توانای پایەداربوونی گرووپەکان و کەلتوورە بەرجەستەکان تا ئایندەیەکی (نادیار) دەکات.

لەم دیدگایەوە، هەر بەو شێوەیەی کە (باربارباليس لال)[42] (1990) وتوویەتی (پارک) حەزی دەکرد جەخت بکات بە زیانی توێژینەوە نەگۆڕەکانی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا. سەرئەنجام دەبێ

بڵێین کە (چونیەک)ی پرۆسەیەکە کە پووکانەوەی پلە بە پلەی ناچوونیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری لەخۆ دەگرێت. (لال) ئەم پرۆسەیە بە (پارادۆکسی نەتەوەیی) ناوزەد دەکات و ئاماژە بەو لافلێدانەی (پارک) ئەکات کە دەڵی بەشداریکردنی چالاکانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەیدا خاوەن ئەو پێشهاتە نەخوازراوەیە کە کۆمەك بە یەکپارچەیی گرووپەکان و تاکەکان لە کۆمەڵگای گەورەتری خانەخوێدا دەکات. بەم پێیە (پارك) لایەنگرانی چونیەکسازی زۆرملێیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بانگهێشت دەکات و ئیستدلالی ئەوە دەکات کە سیاسەتەکانی هاوکاریکردن و سنگفراوانی و کردەوەی خۆبەخشانە لەگەڵ تیپەڕبوونی ڕۆژگاردا یەکپارچەیی کەمینە ڕەگەزیەکان لە ڕەوتی ئەسڵی کۆمەڵگا و کەلتووری ئەمەریکادا دابین دەکات،

.(Park 1922, 1950, Park and Miller 1921, Lal 1990)

ڕەگەز، بونیادی کۆمەڵایەتی

(پارك) یەكێك بوو لەو كۆمەڵناسانەی كە ڕوونكردنەوە (ئاركۆلۆژی)یەكانی پەیوەندییە ڕەگەزیەكانی خستەلاوە. ئەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت كە دەبێ ڕەنگین پێستەكان بە پێی هۆكارە كەلتوورییەكان دەرك بكرێن نەك هۆكارە (ئاركۆلۆژی)یەكان. بۆ نموونە، ئەو سەرنجی ئەوەی دەدا هەر لەو كاتەدا كە كۆچی بەرفراوانی ئەوروپاییەكان بەرەو ئەملای ئۆقیانووسی ئەتڵەسی ڕوویدەدا، ئەمەریكاییە بە ڕەچەڵەك ئەفەریقاییەكان لە ناوچە گوندییەكانی باشوورەوە بەرەو ناوچە شارییەكانی باكووری ئەمەریكا كۆچیان دەكرد. بە بڕوای (پارك) ئەتوانین لە بنەڕەتدا بە یەك شێوە لەم دوو كۆچكردنە تێبگەین. لە هەردوو حاڵەتەكەدا خەڵكێكی لە بنەڕەتدا وەرزێر لە ئەنجوومەنگەلێكی پێش مۆدێرن و پێش پیشەسازییەوە ئەچووە ناو ژینگەیەكی مۆدێرن و پیشەسازی شارییەوە و ناچار بوو خۆی لەتەكیا بگونجێنێت.

پێشتر (پارك) وا تەسەوری دەكرد كە (چونیەك بوون هێزێكی كۆمەڵایەتی بە دەسەڵاتە كە وەك چۆن نەتەوە جۆراوجۆرەكان لە جیهانی مۆدێرندا ڕووبەڕووی یەكتر ئەبنەوە بە شێوەیەكی ناچاریش گرفتاری ئەو شتە دەبن كە ئەو سەردەمانێك بە "سوڕی پەیوەندییە ڕەگەزیەكان" ناوی دەبرد. ئەم سوڕی پەیوەندییە ڕەگەزییانە پرۆسەیەكی چوار قۆناخیە كە لەگەڵ كارلێكی یەكەمدا دەستپێدەكات، لەقۆناغەكانی ناوەڕاستدا بەربەرەكانێ و هاوكاری تێدەپەڕێت و بە (چونیەك) بوون كۆتایی دێت (Park 1950 Lymon 1968). بەم جۆرە مۆدێرنە بە هێزێكی گەورەی (چونیەكسان) لەبەرچاو دەگیرێت). هەروەها (پارك) سەرنجی ئەوەی دەدا كە بەربەرەكانێ و خۆڕاگری لە بەرامبەر یەكپارچەبووندا ڕەنگە بە ڕووكەش بە شێوەیەكیناسنووردارى پایەدار بمێنێتەوە. بە تەواوەتی ئەو لەم ڕاستییە بە ئاگابوو كە ڕەگەز و جیاوازییە ڕەگەزیەكان –وەك بونیادگەلێكی كۆمەڵایەتی، نەك واقیعیەتگەلی ئاركۆلۆژی– لە بەردەوامبوونی ناكۆكییە گروپییەكان و هەروەها

بەرگریکردن لە (چونیەك) بووندا ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە.

(پارك) لە ئاستی (نێوان تاکی) (میان فردی)دا بیری دەکردەوە کە دەشێ جیاوازییە ڕەگەزیەکان چ مانایەکیان بۆ پەیوەندی نێوان گرووپییەکان (میان گروهی) هەبێت. لە وتارێکی وردبینانەدا لەژێر ناوی "لەپشت دەمامکەکانمان"[43]ەوە ئاکامەکانی بارودۆخی ئەو پەیوەندییە ڕەگەزییانەی تاوتوێ کرد کە تاکەکان ناچارن لە پشت دەمامك (ماسك)ی ڕەگەزەکەیانەوە خۆیان بشارنەوە (Park 1950). تا ڕادەیەك لەم وتارەدا قەرزاری (زیمیل)ی مامۆستایەتی، بە تایبەتی قەرزاری ئەو وتارەی کە دەربارەی "گرنگی جوانناسی ڕوخسار"[44]

(Simmel 1959: 276-81) و تا ڕادەیەکیش قەرزاری شیعری "ئێمە دەمامك لەسەر ئەکەین"[45]ی (پاول لارنس دانبار)[46] کە شاعیری رینسانسی (هارلم)[47](1974) بوو. (پارك) لەو بروایەدا بوو لەو کۆمەلگایانەدا کە جیاوازییە ڕەگەزیەکان بە گرنگ دەزانن، تاکەکان ڕەگەزەکەیان وەك دەمامکێك دەدەن بە ڕوخساریاندا. دەرئەنجامی ئەوانە

تاکەکانی ڕەگەزەکانی دی بە تەواوەتی یەگدی وەك نوێنەری قەرەبووکراوەی نەژاد دەبینن. لە ڕاستیدا تاکەکانی دی لە ڕووی دابەشکردنە ڕەگەزیەکانەوە سەیری ئەوان دەکەن و ڕای دەگەیەنن کە "بە ڕای من تەواوی ئەوانە لەیەك دەچن". کەواتە دەمامکە ڕەگەزیەکان ناهێڵن کە خەڵك بە (تاك) لە قەڵەم بدرێ، (پارك) بەم جۆرە ئەنجامگیری دەکات کە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا پەیوەندییە ڕەگەزیەکان لەتەك کرژبوون و دوژمنایەتی زۆردا ئاشکرا دەبێت.

لەو ڕووەوە کە (پارك) بەوە قایل بوو کە (تاکخوازی) یەکێکە لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی مۆدێرنە، مومکین بوو کۆسپە نەژادییەکان بە دەربڕینی ئەو بە باشی بە پاشماوەی کەلتووری پێش مۆدێرن یان سونەتی بێتە ئەژمار. پێشتر (پارك) وا تەسەوری دەکرد لەبەرئەوەی کە مۆدێرنە، نەرێتەکان ریشەکێش دەکات، گرنگێتی ڕەگەز کەم دەبێتەوە و چین (طبقة) گرنگتر دەبێت. (پارك) جەختی لەسەر حەتمیبوونی بەرەبەرکانێ و دژایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکرد و لەو بڕوایەدا بوو کە

بەرەبەرکانێی ڕەگەزی بە شێوەیەکی بەرفراوان جێگەی خۆی دەدات بە دژایەتی چینایەتی، واتە هۆکاری دابەشکردن و بەرەبەرەکانێ هاندەری ژیانی هاچەرخ دەبێت. بەڵام لە ساڵانی دواتردا پەی بەوە برد کە ڕەنگە ڕەگەز بە شێوەیەکی بەزەبر وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی بەتوانا تا ساڵانێکی درێژخایان بەو جۆرە بمێنێتەوە. ئەو لەگەڵ دیدگا یۆتۆپیاکەی (پارسنون)دا سەبارەت بە نوێنگەی (دورنمای) چارەسەرکردنی کێشە ڕەگەزییکان لە ئەمەریکادا هاوڕا نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، (پارك) هێندەش بەدبین نەبوو کە ئەنجامگیری ئەوە بکات ڕەگەز مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆنترۆڵ ناکرێت.

ئەو لە ناوەندی ژیانی مۆدێرندا، واتە شار- بە جیاوازی کۆمەڵایەتی، جموجوڵ و تایبەتمەندی چەند لایەنییەوە- جۆرەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازەی لە حاڵەتی دەرکەوتندا بەدی دەکرد کە توانای ئەوەیان هەبوو ڕەگەز بگۆڕن بە هێزێکی کەمتر بەرجەستە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەم جۆرە پێشکەوتن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا بە خاوەن

توانایەکی بەزەبر لەبەرچاو دەگیرا بۆ کەمکردنی ڕادەی گۆشەنشینی بە کۆمەڵ و هاندان بۆ سنگفراوانی زیاتر (Smith 1988: 123-31, Matthews 1977: 157-74). کەواتە تێگەیشتنی (پارک) لە کەلتووری مۆدێرن وەك (زیمیل) شێوەیەکی ناسنوورداری گەشبینانە لەخۆ ناگرێت. لە ڕاستیدا پشتگیریکردنی لانی کەمی لە مۆدێرنە، دەرەئەنجامی هۆشیاریەتی لە خەسڵەتی ناکۆکییەکانی ئەم سەردەمە.

(پارك)، (وەچەیەك)ی لە کۆمەڵناسان پەروەردە کرد کە زۆرێکیان بوون بە کەسانێکی بەرجەستە لەم بوارەدا وەك (هێربرت بلۆمەر)[48] دامەزرێنەری بەرجەستەی دیدگای تیۆری ناسراو بە "کرداری هێمای بەرامبەر" و (ئیڤریت هیون)[49] کە هەردووکیان وەچەیەکی تریان لە خوێندکارانی زانکۆ پەروەردە کرد. تایبەتمەندی بەرجەستەی کۆمەڵناسی قوتابخانەی شیکاگۆ، مەیلێکی بەهێز بوو سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی نەتەوەگەرایی کە وەسفە ورد و قووڵەکانی بەشە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتبوو. بەم جۆرە پێریستی

بەشێك لە توێژینەوەكانی خوێندكارانی قوتابخانەی شیكاگۆ بریتی بوو لە هەندێ گوزارش دەربارەی بێ خان و مانەكان، پەیوەندییە ڕەگەزیەكان لە شارە بچووكەكاندا، هۆڵی سەمای تاكسی (ڕووپۆشێك بۆ سۆزانچێتی)، پیشەی پزیشكی، گرووپی خراپكاران "جەك ڕولرەكان" واتە (ئەو دزانەی كە لە شەقامەكاندا بە مەبەستی دزیكردن هێرش بۆ خەڵكی دەبەن) و خوێندگا گشتییەكان. یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئەم نەریتی توێژینەوانە كە ئەتوانین بڵێین (پارك) داهێنەری بوو، تێگەیشتن بوو لە ڕوخساری دووفاقی مۆدێرنە. كۆمەڵناسانی قوتابخانەی شیكاگۆ تابەتمەندییە پۆزەتیڤەكانی مۆدێرنەیان دەرك دەكرد و بە تایبەتمەندی كۆسمۆپۆلیت و (جیهان مهنی) گشتگیرانەی (ئەو) قایل دەبوون. لەگەل ئەوەشدا ئەوان هەستیار بوون لە بەرامبەر لایەنە نیگەتیڤەكانی بارودۆخی مۆدیرن و ئەو نائارامیانەی كە دروستی دەكرد.

پۆست مۆدێرن و تیۆری کۆمەڵناسی

ماوەیەکە واژەی (پۆست مۆدێرن) برەوی پەیداکردووە. بۆ نموونە (سی رایت میلز) (166: 1959).

بێ ڕوونکردنەوەیەکی زۆر سەبارەت بە دیدگای خۆی، ڕایگەیاند: "دەورەی پۆست مۆدێرن ئەبێتە جێنشینی سەردەمی مۆدێرن".ئەم واژەیە لە کاتی ڕاگەیاندنەکەی (میلز)ەوە لە زۆر شوێنی جۆراوجۆری دیکەشدا دەرکەوتووە، بەڵام نزیك بە دوو دەیە لەمەوبەر کتوپڕ لەناو زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەرکەوت و –لە ڕاستیدا لە سەرچاوەی ئەدەبی و فەلسەفی فەڕەنسییەوە هاتە ئاراوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پۆست مۆدێرن، لە مێژووی کورتو پڕ کێشمەکێشی خۆیدا کاریگەرییەکی ئاشکرای لەسەر بوارە تایبەتەکان بە تایبەت ئەدەبیات هەبووە کە لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە بەدەسەڵاترین لایەنگرانی، کورسییە گرنگەکانی زانکۆ بەناوبانگەکانیان داگیر کرد– وەك (ستانلی فیش)[50] لە زانکۆی (دۆك) و

(هۆستن باکەر)[51] لە زانکۆی پنسیلونیا. لەگەڵ ئەوەشدا، پۆست مۆدێرن بە هێواشی چووە ناو کۆمەڵناسییەوە و لە چاو هەندێ بوارەکانی دیکەدا کاریگەرییەکی کەمتری هەبوو (Seidman 1994, Kivisto 1994, Gottdiener 1993, Rosenau 1992).

ئاشکراکردنی ئەو خاڵە گەلەك گرنگە کە ئێمە پێمان خۆشە بزانین قسەکردن لەسەر پۆست مۆدێرنیزم وەك تیۆرێکی فەرهەنگی چ واتایەك لەخۆ دەگرێت (Touraine, 1995, Lash, 1990).

کەواتە، لێرەدا گرنگی بە لافلێدانەکانی مەعریفەناسی پۆست مۆدێرن، نادەین. هەر بەو جۆرەش بایەخ بە ڕەخنەی ئەدەبی پۆست مۆدێرن نادەین کە "بنەما سڕینەوە" ناسراوە.

(Rosenau 1992, Jameson 1991, Agger 190).

هەندێ دژواری لە ڕاڤەکردندا سەبارەت بە سازگاربوون لەگەڵ چەمکی فەرهەنگی پۆست مۆدێرندا، بەرچاو ئەکەوێت. یەکەم، بە زۆری تیۆرسێنە پۆست مۆدێرنەکان بۆچونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بەوەی کە (پارامەترە)کانی پۆست مۆدێرن چ شتگەلێکن! بۆ نموونە، (نۆرمان

دنزیـن)[52] (1991: vii)، کـه ئەندێشـەکانی پۆسـت مۆدێرنـی دووچـاری گـۆڕان کـردووە، چـەند پێناسەیەکی لە زاراوەی پۆست مۆدێرن کردووە کە یـەکێکیان ئەوەیـە کـە پۆسـت مۆدێـرن "پێناسـە ناکرێت". دووهەم، ئەوەی کە پۆست مۆدێرنەکان بە زۆری بە زمانێکی تـەمومژاوی دەنووسن و قسە دەکـەن و بـەم جـۆرە، تەنـها کەسـانێك لـە ئەندێشـەکانیان دەگـەن کـە لـە تـەك ڕەمـز و ڕازی هـەندێ چـەمکی وەك "دژە بنەماشـکێنی" و "وتـە تـەوەری"، "بانواقیعیـەت"، "وێچکوونـە وەهمییەکان" ئاشنایەتیان هەیـە. بەڵگـەی سێهەم کـە سـەبارەت بـە سـەرچاوەی فیکـری فەڕەنسـی مۆدێرنە، بە ئاشکرا پەیوەندی بە خاڵی دووهەمەوە هەیـە کـە تیـایدا خواسـتێك بـۆ لافلێدانێکـی تـازە دەخرێتـەڕوو، هـەروەها باسوخواسـتێك هەیـە کـە کیبەرکییان لەسەر دەکریت و، ئەمە دیاردەیەکە کە لـە هۆشـیاری تایبـەتی شـێوازی ڕۆشـنفکرانەی فەرەنساوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیمـە لـەو دوو بابەتـە پیکـەوە گریـدراوە دەکۆڵینەوە کە بـە شـیوەیەکی جۆراوجـۆر زەینـی

هەندێ لە هزرمەندە سەرەکییەکانی ئەندێشەی پۆست مۆدێرنی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، واتە ڕەخنەی "ڕیوایەتە گەورەکان" و لەناوبردنی جیاوازی نێوان واقیعیەت و "بان واقیعیەت".

کۆتایی ڕیوایەتە گەورەکان

لە گوتاری پۆست مۆدێرندا ڕیوایەتە گەورەکان ئاماژە دەدەن بە گوزارشەکان یان ڕوونکردنەوە تەواوەکانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەنووکەیی و ڕەوەندەکانی ئایندە: (مارکس) دەربارەی لۆژیکی پەرەسەندنی سەرمایەداری و، (فیبەر) دەربارەی عەقڵانیبوون، (دۆرکهایم) دەربارەی پەرەسەندنی پەیوەندی ئۆرگانیکی و، (پارسنۆز) دەربارەی یەکپارچەبوونی پلە بە پلەی گرووپە پەراوێزییەکان لە ڕەوتی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی و کەلتوری کۆمەڵگادا هەندێ لە نموونەکانی ڕیوایەتە گەورەکانن کە ئێمە لە بەشەکانی پێشوودا لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردن. هەرچەند ئەم تیۆرانە جیاوازیان هەبێت، بەلام لەم باوەڕە

رۆشنگەرانەیەدا هاوبەشن کە ئێمە توانای گشتگیرکردنی ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییەمان هەیە کە تیایدا دەژین و بە هۆی ئەو تێگەیشتنەوە کە بە کۆمەکی ڕیوایەتە گەورەکان بەدەست دێت، دەسەلاتی ئەوەمان دەبێت کە کۆمەڵگا بگۆڕین و کۆمەڵگایەکی باشتر دروست بکەین
.(Bestand Kellner 1991: 8)

پۆست مۆدێرنەکان بە بەدبینییەوە تەماشای ئەم باوەڕانە دەکەن. بۆ نموونە تیۆرسێنی فەرەنسی (ژاک دریدا)[53]، بنەمای ڕیوایەتە گەورەکان بە بەرهەمی شتێك دەزانێت کە بە وتە تەوەری (سخن محوری) ناودێری دەکات.

مەبەستی لەو قسەیە ئەو شێوە بیرکردنەوانەیە کە لافلێدانەکانی حەقیقەت بۆ ڕووداوە ڕاستەقینەکان دەگێڕنەوە. بە واتایەکی دی بناغەی هۆشیاریمان لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا، باوەڕبوونە لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەتوانین کۆمەڵگا بەردەوام گۆڕاو و گەلەك ئاڵۆزەکانمان بە گەڕانەوە بۆ پرەنسیبگەلێکی نەگۆڕی دیاریکراو دەرك بکەین. دیدگای پۆست مۆدێرنی (دریدا) (1978، 1976)

خوازیـاری ڕەتکردنـەوەی (وتـە تـەوەری)یـە کـە بریتییە لە پەسەندکردنی ئەو دیدگایەی کە پۆست مۆدێرنەکان بە دیدگای (دژە بنەماخوان) نـاودێری دەکەن. پۆست مۆدێرن لە زێدەڕەوترین فۆرمدا، بە تـەواوی ڕەتکردنـەوەی هـەموو نـەریتی فەلسـەفی خۆرئاوایـە و پیشـاندەری شـێوەیەک لـە گومـانی زیادەڕەوییە بە تواناکانی (تـاک) بـۆ درێژەپێدانـی نـەریتی کۆمەڵناسـی بـەو جـۆرەی کـە لـە سـەدەی نۆزدەهەم بەدواوە وێنا (تصور) کراوە.

ئـەتوانین بـە شـێوەیەکی مـاقوڵ، ئـەنجامگیری بکـەین کـە پۆسـت مۆدێـرن فۆرمـی هاوچـەرخی (نیـهلیزم)ە- دۆخێکـی بـێ ڕەوشـە کــە بــە لەدەسـتدانی (مانـا) و لەدەسـتدانی (ئیمـان) و بـە هـۆی تواناکانمانـەوە لـە وەرگـێڕانی تیـۆرەوە بـۆ پراکتیـك بەرجەسـتە دەبێـت. ئـەو بـاوەڕە ڕۆشنگەرانەیە خراوەتە لاوە کە جیهانی عـەقڵانیتر جیـهانی ئینسـانیتری لێ دەکەوێتـەوە. بـە لەبـەرچاوگرتنی ئـەم مەسـەلەیە دەتوانـین پۆسـت مۆدێـرن بـە هـاندەری ناچـاری یـان ناچـالاك (پاسیف)ی سیاسی یان ناعەقڵانییـەت بزانـین کـە

باسوخواستی سیاسی کۆنەپەرستانە،هاندەدات.

.(O'Neill 1995, Callinicos 1989)

لایەنگری سیاسی پۆست مۆدێرنەکان

ئەو شتەی کە تا ڕادەیەك جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە زۆرێك لە پۆست مۆدێرنەکان خۆیان بە باڵی چەپی سیاسی و بەم جۆرە لایەنگری بزاوتە پێشکەوتنخوازە جۆراوجۆرەکانی وەك بزاوتە دژ بە ئیمپریالیزمەکان، داکۆکی لە مافی ژنان و ئازادی هیمۆسێکسواڵەکان دەزانن. لەگەڵ ئەوەشدا نموونەیەك لەوەی کە ئەم جۆرە پۆست مۆدێرنە (بنەما سڕینەوە)یە چۆن کاردەکات، مومکینە تا ڕادەیەك قازانجێکی دیاریکراوی بۆ سیاسەتی چەپەکان هەبێت. (گیاتری سپیڤۆك)[54] لە وتارێکدا لەژێر ناوی "ئایا کۆیلەو ژێردەست دەتوانێ قسە بکات؟"[55] (1988) ئەو بەڵگە دەخاتەڕوو کە دەبێ گوێ لە دەنگی خەڵکی پەراوێزی و بێدەسەڵات بگرین نەك ئەوەی کە لێگەڕێین خەڵکانی (مومتاز) تر و بەدەستەڵاتتر هەوڵبدەن بە ناوی ئەوانەوە قسە

بکەن. (سپیڤۆک) یەکێکە لە لایەنگرانی مافی ژنان و لە ئەمەریکادا وانە دەڵێتەوە. ئەو یەکێکە لە وەرگێڕەکانی بەرهەمەکانی (ژاک دریدا). ئەو لەم وتارەدا ئاینی (ساتی)[56] هیندۆ دەخاتە ڕوو کە تیایدا دەبێ ژنی مێرد مردوو بچێتە ناو ئەو ئاگرەوە کە جەستەی هاوسەرەکەی دەسووتێنێ و ببێ بە قوربانی.

لە سەردەمی حکومەتی داگیرکەری بەریتانیادا ئاینی (ساتی) بە دەستووری دەسەڵاتدارانی حکومەتی کۆڵۆنیالی نایاسایی کرا. (سپیڤۆک) ڕەخنە لەم کارە دەگرێت و لافی ئەوە لێ دەدات کە ئەم مەسەلەیە ڕەنگدانەوەی خواستێکە بە داسەپاندنی بەهاکانی خۆرئاوا بەسەر کۆمەڵگای هینداو، کەواتە شێوەیەکە لە ئیمپریالیزمی کەلتوری. دەرئەنجام ئەوە بوو کە دەنگی ئەم ژنە ژێردەستانە نەبیسترا. دەسەڵاتدارانی حکومەتە کۆڵۆنیالیزمەکان نەیان ئەتوانی لە باوەڕی ئەو ژنانە تێبگەن کە (ئەوان) جێبەجێکردنی بەڵێنە ئاکاریەکەیان بە شێوەیەکی خۆپارێزانەوە ئەنجام دەدا. لە ڕاستیدا (سپیڤۆک) مەبەستی ئەوە نەبوو

کـه داکۆکـی لـه (سـاتی) بکـات، بـه‌ڵکو مه‌به‌سـتی ڕه‌خنـه‌گرتن بـوو لـه‌و ئینگلیزانـه‌ی کـه ته‌سـه‌وریان ده‌کرد ده‌بێ به‌هاکانیان وه‌ك به‌هاگـه‌لێکی جیـهانی له قه‌ڵه‌م بدرێ که به‌سـه‌ر خـه‌ڵکی تـه‌واوی جیـهاندا بـه‌راورد بکرێـت. ئـه‌و ده‌ڵـێ مومکینـه ئـه‌م جـۆره لافلێدانـه (جیـهانخوازی)یـه ته‌نـها ده‌رئـه‌نجامی جیهانبینییه‌کی ته‌واو (وته ته‌وه‌ری) بێت.

ئـه‌توانین لـه تیـۆری (سـپیڤۆك)دا پـه‌یوه‌ندی پۆست مۆدێـرن له‌تـه‌ك "پلورالـیزمی کـه‌لتووری"دا ببینین که له‌و بڕوایه‌دان که‌لتووره جۆراوجۆره‌کان، ته‌نها ده‌توانـرێ بـه پێـی بـارودۆخی خۆیـان ده‌رك بکرێـــن و هه‌ڵســـه‌نگێندرێن. بـــه‌م جـــۆره (دژه بنه‌ماخوازی) له‌تـه‌ك (ڕێژه‌یـی خـوازی) فه‌رهـه‌نگی زێده‌ڕه‌ویـدا تێکـه‌ڵی یـه‌گدی ده‌بـن. بـه بـڕوای ڕه‌خنـه‌گران، لـه‌م پرۆسـه‌یه‌دا داکۆکیکردن لـه مـافی مرۆڤ یان وه‌ڵامدانه‌وه‌ی تۆمه‌تی (ئه‌وروپا مه‌داری) کـاریکی مـه‌حال ده‌بیـت. پۆسـت مۆدیرنـی دژه بنه‌ماخواز زه‌مینه‌گه‌لیکی ئاکاری ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه له‌تـه‌ك دیارده‌کانی وه‌ك ئه‌شکه‌نجه‌کردنی نـه‌یارانی سیاسـی لـه لایـه‌ن سـه‌ربازانی ئه‌فـه‌ریقاوه، (منـال

کوشتن)[57] لە (چین)دا و خەتەنەکردنی ژنان کە لە زۆر وڵاتی ئیسلامیدا باوەر، بیهیز دەکات

.(Kivisto 1994: 226-27, Callinicos 1989: 78-79)

سەرئەنجام، دەبێ بڵێین کەلتوورەکان نابەردەوام و بەراوردنەکراو لەبەرچاو دەگیرێن. هیچ زمانیکی هاوبەش نییە کە مۆڵەت بە خەلکی بدات لە کەلتووره ناوچەییەکان و کورت بینییەکانی ئەوانە تێپەڕێنێت. بە واتایەکی تر، ئەگەر تیۆرسینەکانی پۆست مۆدێرن ڕاست بکەن، ئەوا ئێمە پێمان ناوەتە سەردەمێکەوە کە بە هۆی ئەو شتەوە دیاری دەکرێ کە (تۆدگیتلین)[58] یەکێك لە ڕەخنەگرانی پۆست مۆدێرن خەفەتبارانە بە "ئاوابوونی خەونە هاوبەشەکان" وەسفی دەکات.

کەواتە، کۆتاییهاتنی ڕیوایەتە گەورەکان نیشانەی بەتاڵبوون و کۆتاییهاتنی گەلاڵەی مۆدێرنەیە، لەگەڵ بڕوابوون بە وەی کە دەتوانرێ زانستی مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سرووشت و جیهانی کۆمەلایەتی بەکاربرێ و لەم ڕەوەندەشدا بۆ پشتگیری دروستکردنی

کۆمەڵگاگەلێکی ئینسانی تر و ڕەهاتر بکرێت. ئێمە بەو حاڵەتە دەگەین کە (دۆرکهایم) بە (ناهەنجاری فراوان) ناودێری کردووە.

واقیعیەت و بان واقیعیەت لە کەلتووری (پۆست مۆدێرن)دا

لە کاتێکدا کە (مارکس) یان نەریتێك لە توێژینەوەی کۆمەڵناسی کە لە تێفکرینی (ئەوە) وە سەری هەڵدا سەرنجی بەسەر قەڵەمڕەوی بەرهەمهێناندا چڕ کردەوە (بۆ نموونە سیستمی کارگە و بارودۆخی بەرابەری چینی کرێکار) تیۆرسینە پۆست مۆدێرنەکان دیدگای خۆیان ئاڕاستەی قەڵەمڕەوی (مەسرەف) دەکرد. یەکێك لە لافلێدانە ئەسڵیەکانی پۆست مۆدێرنەکان لە گواستنەوەی کەلتووری مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرن ئەوەیە کە دەبێ خەڵکی لە جیاتی بەرهەمهێنەر وەك (مەسرەف کەر) لەبەرچاو بگیرێن. جیا لەوانەش وا بیریان دەکردەوە کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا (یان بان

پیشەسازی) بە تەنها زۆربوونی کاڵاکان و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە بەردەستان هەڵبژاردنگەلێکی مەسرەفی تەسەور نەکراو دەهێنێتە ئاراوە. (ژان فرانسوا لیوتارد)[59] (1979) ئەنوسێت:

تێکەڵاوخوازی پلەی سفری کەلتووری گشتی هاوچەرخە: مرۆڤ گوێ لە (ڕیگی)[60] دەگرێت، تەماشای فیلمی (وێسترن) دەکات، نیوەڕۆ خواردنی (ماکدۆناڵد) دەخوا و ئێوارەش خواردنی خۆماڵی، لە (تۆکیۆ) بۆنی پاریس لە خۆی ئەدا و لە (هۆنگ کۆنگ) جلوبەرگی (ڕیترۆ)[61] دەپۆشێت. زانست بابەتێکە کە پەیوەندی بە کایە تەلەفزیۆنییەکانەوە هەیە (ل–76).

بۆدریلار، دەربارەی سەرمەشقی (دیسنی لەند):

بە زۆری، کەلتووری هاوچەرخ لە کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، سەرگەرمی و سیستمە نوێکانی زانیارییەوە تێر بووە، وەسف دەکرێت. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاکامەکانی ئەم تێربوونە

چین؟ (ژان بودریلار)[62] (1981) مامۆستای پێشووی کۆمەڵناسی زانکۆی (نانتەر)[63] کە لە ڕابوردووی مارکسیستی خۆی دابڕا تا جێگای خۆی لە نێوان تیۆرسینەکانی پۆست مۆدێرنەدا پتەو بکات، بەم جۆرە ئیستدلالی کردووە کە ئەم تێربوونە بۆتە هۆی دروستبوونی جیهانێك کە تیایدا جیاوازی نێوان واقیعیەت و تەسەورەکان، نیشانەکان و وێکچوسازییەکانی واقیعیەت لەناو چووە. ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو شتەی کە (بۆدریلار) بە (وێنەگەلی خەیاڵ) ناودێری دەکات - واتە سەرلەنوێ بەرهەمهێنان یان وێکچوونسازییەکانی واقیعیەت کە دەستنیشانکردنی ئەوانە سەبارەت بە واقیعیەت دژوار یان مەحاڵە.

دەرەنجامی ئەوانە، سەرهەڵدانی شتێکە کە ئەو بە (بان واقیعیەت)[64] ناوی دەبات. ئەم زاراوەیە مانای شتێکە کە لە هەمان کاتدا کە واقیعی نییە، بەڵام واقعیترە لە واقعێك (Baudrillard 1983). (ستیڤن بێست)[65] و (دوگلاس کیلنەر)[66] (1991) ئەم نموونەیەی لای خوارەوە دەهێننەوە دەربارەی

ئەوەی کە مەبەستی (بۆدریلار) لە (بان واقیعیەت) چییە:

بۆ نموونە، هەندێ جار لە دونیای تەلەفزیۆندا لە بری پزیشکی واقیعی کەسیکی ئەکتەر بە خەیال وەك سەرمەشق لاسایی پزیشك دەکاتەوە. بەم جۆرە (رابەرت بانگ) کە رۆلی دکتۆر (ویلبی)[67] کایە دەکرد هەزاران نامەی پیگەیشت کە تیایاندا داوایان لیکردبوو رینمایی پزیشکیان بکات. ئەو دواتر لە رۆژنامەکاندا ئاگاداری بلاوکردەوە و لە بارەی پەرجووەکانی (قاوەی بی کافۆیین) خوینەرانی رینمایی دەکرد.

ئەم نموونەیە ئەوە دەردەخات کە چۆن (خەیال) بە شتیکی واقیعی لەبەرچاو دەگیریت– واتە تیکەل بە واقیعیەت دەبێ و دەبن بە یەکیك. بەلام (بۆدریلار) دەلی کە دەورانی پۆست مۆدیرن بە دروستکردنی وێنەخەیاڵییەکان بەرجەستە دەبێت، واتە دونیا کۆمەلایەتییە (بان واقیعییەکان) کە پشت ئەستوور یان وابەستە بە (مەرجەعی) واقیعی نین. ئەگەرچی ئەتوانین نانخواردن لەناو ڕستۆرانە سەرپێییەکاندا، پارکە تایبەتییەکان و ناوەندەکانی

شت کرپینـدا بـە نموونەگـەلی وێنـا خەیاڵییـەکان بزانـین، بـەڵام بـە بـڕوای بۆدریـلار (1988) باشـترین نموونە (دیسـنی لـەند)ە، چونکـە ئـەم سـەرزەمینە جادوییـە ئامـاژە بـە نوسـخەیەکی دووپـاتکراوە و ڕیوایەتێك لە (واقیعیەتی) دەرەوەی (دیسنی لـەند) ناکات.

ڕەنگـە ڕاڤـەکارە ناپۆست مۆدێرنـەکانی کـەلتور لەگەڵ زۆرێك لـەو شـتانەی کـە بۆدریـلار تـا ئـێرە قسەی لەسەرکردون هاوڕابن، بەڵام ئـەو دواتـر بـە "گشـتگیربوون"ێکـەوە سـەرقاڵ دەبێـت کـە ڕووبـەڕووی ڕەخنـەی دەکاتـەوە. ئەوکاتـە ئـەم خواستە بۆ (گشتگیر)ی بە باشی ئاشکرا دەبێ، کە بۆدریلار (1983) دەڵێ:

(دیسـنی لـەند) بە شێوەیەکی خەیاڵی دروست کراوە تـا ناچارمـان بکات باوەڕ بکەین کە تـەواوی شوێنەکانی دی (واقیعین) لە کاتێکدا کە لە ڕاستیدا (لـۆس ئـەنجلس) و تـەواوی ئەمـەریکا کـە چواردەوریان گرتووە، چیدی (واقیعی) نین، بەڵکو لە جۆری بان واقیعی وێکچووسازیدان. (لا25).

لە یادمان نەچێت کە (زیمیل) کاتی بێکاری بە زەمینەیـەکی گەلـەك گرنگـی ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەزانـی، بەڵام لـەو بڕوایـەدا بـوو کە چالاکییـەکانی بێکاری جیاوازە لە بواری مادی (کار).

بۆدریلار تەواو بە پێچەوانەوە لەو بڕوایەدایە کە ئەم جیاوازییە ئەمڕۆ شتێکی بێمانایە، چونکە ئەو جیهان تا ڕادەیـەك بـە شـێوەیەکی تـەواو بـە پێـی (مەسرەف) لەبەرچاو دەگرێت. بـەم جۆرە بۆدریـلار (1983) بە دابڕانی تەواو لە ڕابوردووی مارکسیستی خۆی، دەڵێ:

ئێـوە چیـدی بێبەزەییانـە لـە ژیـانی ڕۆژانـە جیانابنەوە تـا جێگەی ئامێرەکانتان پـێ بگرنـەوە. بەڵکو لە ڕاستیدا دەبن بە یەك پارچـە، مناڵیتـان، عادەتــەکانتان، پەیوەندییــە ئینســانییەکانتان، غــەریزەی ناهوشــیاریتان (نەســت)، تەنانــەت ڕەتکردنـەوەی کـار لـە لایـەن ئێـوەوە.. بەهــەرحاڵ هـەرچۆنێك بێـت هـەرگیز بـە حـاڵی خۆتـان ڕەهـا نـابن.. ئیـدی کـار لـە کـار تـرازاوە.. سیســتمی کۆمەڵایەتیبوون پێگەیشتووە. چیدی هێزی کار بە شـێوەیەکی توندوتیـژ کڕیـن و فرۆشــتنی پـێ

ناكرێت، بەڵكو هێڵكاری، بازاڕ دۆزینەوە و مامەڵە دەكرێت. بەم جۆرە بەرهەمهێنان بە سیستمی نیشانەكانی (مەسرەف)ەوە پەیوەست دەبێت. (لا 134).

دەستنیشانكردنی ئەوەی كە تێڕوانینی (بۆدریلار) لەسەر كەلتووری پۆست مۆدێرن چییە كارێكی ئاسان نییە.

(جیفری ئەلیسكەندەر)[68] (27: 1995) ئەو "بە ماموستای جوێنفرۆش و گاڵتەجاڕ ناودێر دەكات، لەوێدا كە تەواوی جیهانی خۆرئاوا دەگوڕێ بە (دیسلنی لەند)". (ستورات هال)[69] لەو بڕوایەدایە كە (بۆدریلار) ستایشی پۆست مۆدێرنە دەكات، لە كاتێكدا (دوگلاس كیلنەر)[70] لە بەرهەمەكانیا خەفەتباری و قایلبوونی جەبری سیستمی تازەی كۆمەڵایەتی دەبینێت كە گەرچی لە كابوسێكی زیاتر هیچی دی نییە،

(Gane 1991: Smart 1992: 131).



(هەڵسەنگاندنە ناكۆكەكان لە چارەنووسی مۆدێرنیتەدا) تا ڕادەیەك دەستنیشانكردنی وێنایەك كە (بۆدریلار) لە ڕۆڵی تاكەكانی كەلتووری پۆست مۆدێرندا دەیكێشێت، ئاسانترە. وا دەردەكەوێت كە ڕۆڵی ئێمەی وەك ڕۆڵی ئەو مشكانە بچووك كردبێتەوە كە بە دوای شتە دڵخواز و (هەیەجانیەكانیاندا) دەگەڕێن، یان وەك ئەو كەسانەی كە سەیری تەلەفزیۆن دەكەن كە جگە لە پاڵدانەوە لەسەر قەنەفە و لە دوورەوە یاریكردن بە كۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەكە، هیچ كارێكی دیكەیان نییە، یان وەك ئەو چاوچنۆكانەی كە لە ژیانی تایبەتی مرۆڤە دەولەمەند و بەناوبانگەكان وردئەبنەوە. پر ئاشكرایە كە ئیمە بە تەواوەتی لەناو دونیا كۆمەڵایەتییەكانی خۆماندا گرفتار بووین و ناتوانین كۆنترۆلیان بكەین، یان لە ڕاستیدا بە شیوەیەكی سەربەخۆكار بكەین.

لـــە تـــێڕوانینی (مـــارکس)ەوە، دیدگـــای گەمەکەرانی کۆمەڵایەتی گەلەك دوورە لە بە توانای بە زەبری ئەو گۆڕانە بە کەڵکەی کە لە کاری کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم دیدگایە، پیشاندەری مەرگی تاکی (ئۆتۆنۆم)ە کە لە (دورکهایم)ەوە تا (بەلا) ناوەندی بایەخپێدانی قوتابخانەیەکی فیکری بووە. ئەم دیدگایە، لە هەڵسەنگاندنی بەدبینانەی (فیبەر)یش تێدەپەڕێنێت، چونکە (فیبەر) تا کۆتایی تەمەنی ئومێدەوار بوو کە خەڵکی دەتوانن بە شێوەگەلێکی باش لە بەرامبەر (قەفەسی ئاسنین)دا ڕابوەستن و سەرئەنجامی ئەوانە دیدگاکانی (بۆدریلار) بە ئاشکرا ناکۆکی هەیە لەگەڵ تێگەیشتنی (زیمیل)دا لە هەڵبژاردنی تاکەکاندا کە خەڵکی دەتوانن ئەنجامی بدەن. بە ڕووکەش پەیامی پاڵەکی (ضمنی) بۆدریلار ئەوەیە کە دەبێ ئێمە شەرمنانە بە کەرنەڤاڵی پۆست مۆدێرن قایل بین- و تەنانەت تا ئەو جێگەیەی کە دەتوانین چێژی لێ وەربگرین.

لێرەوەیە کە چیدی نیشانەکان ئاماژە بە مەرجەعە واقیعییەکان ناکەن و هەر لێرەشەوە کە

(واقیعیەت) بەرەو (بان واقیعیەت) دابەزیوە و مانا تەواو ون بووە. (بۆدریلار) (1991) لە نموونەیەکی تا ڕادەیەك بەرجەستەدا سەبارەت بە بەراوردی ئەم تێفکرینە بەسەر ڕووداوێکی دیاریکراودا، لافی ئەوە لێ دەدا کە جەنگی کەنداوی فارس جگە لە نمایشی گرافیکی کۆمپیوتەری و تەلەفزیۆنی، هیچی دی نەبوو- وادیارە جیاوازی لە نێوان ئەم جەنگە و یارییە جەنگییەکانی نمایشە ڤیدیۆییەکان بە تەواوەتی نەماوە.

هەر بەو شێوەیەی کە (داڤیدلیۆن)[71] (54: 1994) بە دروستی یادی دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەم (واقیعیەت). کە "خێزانە لە خوێن گەوزاو و داخدارەکان" (و نەك بە شێوەی بان واقیعی) وجودیان هەبوو، لەم دیدگایەدا بزر بووە، هەر بەو جۆرە، لەم دیدگایەدا نیشانەیەك لە باوەڕبوون بە ئەرکی نیشتمانی، واقیعی جوگرافیا سیاسییەکان (ژئوپولتیك)، ئابووری نەوت و ئەو تێبینییە وێکچوانەی کە میللەتانی بۆ جەنگ هان ئەدا، بەرچاو ناکەوێت.

ڕەخنەگرتن لە پۆست مۆدێرن

ڕەخنـــەی ئاشـــکرای بۆدریـــلار -لـــە تـــەواوی بەرهەمـــەکانیا– ئەوەیـــە کـــە واقیعیـــەتێك هەیـــە کـــە خەڵکی تاقی دەکەنەوە و وەڵامی سۆزدار دەدەنەوە و هـەوڵ دەدەن شـکڵی پێبـدەن لـە دەرەوەی ژیـانی تەلـەفزیۆن و فـەزای پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکاندا . ئەو دونیا بێهەست و بێمانایەی کە لـەناو فیلمـەکان وەك (قەیفەی شین)[72]ی (داڤید لینچ)[73] و چیرۆکی (شـــادی هێنـــەر)[74]ی (کوئنتـــین تـــارانتینو)[75]دا وێنـاکراون لەتـەك ئەزموونـەکانی واقیعـی ئێمـەدا هاوئاهەنگ نین و کەم کەس هەیە کە ئەم دوانە لێك جیا نەکاتەوە.

.(Bauman 1992, 149: 55, Best and Kellner 1991: 137-44)

ئاشـکرا کـە لـەم سـاڵانەی دواییـــدا دونیـــای (مەســرەف) گۆڕانێکـــی زۆری بەســـەردا هـــاتووە و شیاوی ئەوەیە کە کۆمەڵناسی گەلەك زیاتر بایەخی پێ بدات، بەڵام ناتوانین بەڵگەگەلێکی وا سەبارەت بـەو لافلێدانـەمان بەدەسـتەوە بدەیـن کـە ئێمـە لـە کەلتووری مۆدێرنەوە پێمان ناوەتە ناو کەلتووری

پۆست مۆدێرنەوە، بۆ نموونە، پایەداری دەسەڵاتی باوەڕە مەزهەبییەکان، ئەو (بێمانایی)[76]یە بەربڵاوەی کە بۆدریلار وێنای دەکات، دووچاری گومان دەکات. بزاڤە تازەکانیش کە لەگەڵ هەندێ مەسەلەی وەك، ژینگە، ئاشتی، داکۆکیکردن لە مافی ژنان، مافە ژیارییەکان و هەژاری سەروکاریان هەیە، پێوەری بە ناچار هەڵاتن و (ئینفیعال)ی سیاسی کە خەڵکی لە کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا هەڵیان بژاردووە، دووچاری دوودڵی و گومان دەکات.

ئەم جۆرە پۆست مۆدێرنە بەو لافلێدانەیەوە کە ئێمە لە قۆناغی بەرهەم هێنانەوە چوینەتە ناو قۆناغی (مەسرەف)ەوە بەڵگەگەلێکی گرنگ لە هەبوونی خاڵێکی گەورە و گرنگ بە دەستەوە دەدات. ئاشکرایە کە کاڵاکانیش هەروەها بەرهەم دێن، ئەگەرچی ڕەنگە ئەمە لە ئابووری جیهانیدا بەو مانایە بێت کە کاڵاکان لە وڵاتە هەژارەکاندا بەرهەم دێن جێگایەك کە بە کرێکاران (بە زۆری منداڵان) حەقدەستێکی یەگجار کەم دەدەن و کەواتە ناچار دەبن چەندەها کاتژمێر بە کرێیەکی کەم لە

کارگـــە ناتەندروســـتییەکاندا کاربکـــەن. ئـــەو جلوبەرگانـــەی کـــە لـــە فرۆشـــگا گـــەورەکاندا دەفرۆشـــرێن و ئـــەو پێـــڵاوە وەرزشـــیانەی کـــە نـاودارانی وەك (سـپیایك لی)[77] لـە ئاگادارییـەکانی تەلـەفزیۆندا پێشکەشی دەکـەن، بـە بەرهـەمی ئـەو لایەنە تاریکەی کەلتووری هاوچەرخمان لە قەڵـەم دەدرێـت. جیـا لەوانـەش هـەر بـەو شـێوەیەی کـە (ئـەلیکس کالینیکوس)[78]. (162: 1989) وتویـەتی نـە تەنها خـەلکانیکی زۆر لـە جیـهاندا لـەو (مەسـرەف خـوازی)یـە ئاوارتـە بـوون کـە لیوتـارد و بۆدریـلار وەسـفی دەکـەن، بـەلکو خـەلکی هـەژاری کۆمـەلگا پیشەســازییە پیشــکەوتووەکانیش لــەم جــۆرە (مەسرەف)ە هیندە بەشدار نین.

ئانتۆنی گیدنز و رۆژگاری مۆدیرنی دواهەمین

بـە لەبـەرچاوگرتنی ئـەو رەخنـە توندانـەی کـە پیشتر لیکۆلینەوەمان لەسەر کردن، جیـی خۆیـەتی کە بپرسین بۆچی تیۆری کەلتووری پۆست مۆدیرن ئەو جـۆرە کاریگەرییـەی لەسـەر هـەندێ لـە کـۆرە کۆمەلناسییەکان داناوە؟ یەکەم، وەلام ئەوەیـە کـە

پۆســـت مۆدیرنـــەکان تویژینـــەوەیان لەســـەر بارودۆخی کەلتووریکی تـازە کـردووە کـە تـا ئـەم دواییانـەش تیۆرسـینە مۆدیرنـەکان وەك پیویسـت بایـەخیان پـی نـەدابوو. دووهـەم، زۆریك لـە پۆسـت مۆدیرنـەکان لـە دەربرینـی هەلویستی توندرەوییـان ســەبارەت بـــە دیدگـــای کۆمەلناســـی، واتـــە هەلویستەکانی (بۆدریلار) و خواستی فەلسـەفی تر واتـە خواسـتی کەسـایەتییەکانی وەك (لیوتـارد و دریدا) پاشەکشەیان کردووە. هـەندێ لـە هزرمـەندە داهینـــەرەکانی وەك، (فردریـــك جیمســـن)[79] و (ئەرنســـتۆلاکلو)[80]، (چانتـــال مـــوف)[81] ناســـی فریـزەر[82]، هــەولیان داوە بــە شـیوەی هــەلبژاردن توخمـەکانی تیـۆری پۆسـت مۆدیـرن لەتـەك تیـۆرە جۆراوجۆرەکانی مۆدیرندا، تیکەل بە یەك بکەن. بە تایبەت ئەو تیۆرانەی لە مارکسیزم و فیمینیزمـەوە سەرچاوەیان گرتووە. لەگەل ئەوەشـدا، هـەر بـەو جـۆرە ئـەوان لەتـــەك بـەردەوامی بـــەکارهینانی زاراوەی پۆست مۆدیرن ئەم چەمکە ئەگویزنەوە کە لە کۆتاییدا دابرانیکی کـەلتووری بنچینـەیی رووی داوە یان لە دۆخی رووداندا دەبیت.

هەندێ لە تیۆرسینەکان (کە ئەبێ لەوانە ناوی یۆرگن هابرماس، ببەین) ڕەخنەیان لەم چەمکی دابڕانە بنچینەییە گرتووە. ئەتوانین هەندێك لەو ڕەخنانەی کە تەواو ڕازیمان ئەکات، لەناو کارەکانی تیۆرسێنی زانکۆی (کیمبریج) (ئانتۆنی گیدنز)دا، بدۆزینەوە. بە دوو بەڵگەی شایستە لەگەڵ (گیدنز)دا باسەکەمان سەبارەت بە بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵ ناسی، کۆتایی دێنین. یەکەم، ئەوەی کە ئەو بە یەکێك لە باشترین -و ڕەنگە باشترین- توێژەرەوەی دەقە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی لە جیهانی ئەمڕۆدا ناسراوە. نووسینەکانی (گیدنز) (1995، 1978، 1979، 1971) سەبارەت بە تیۆرسینە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی و تیۆرسینە گەورە هاوچەرخەکان، بە هۆی ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە ناسراوە، و هەروەها بڕوای بەو بنەمایە کە تیۆرسینی کۆمەڵناسی هەم کەسێکی (جەدەلی)یە (واتە، لە کەموکوڕییە دیارەکانی بەرهەمەکانی ئەوانی دی ڕەخنە دەگرێت) و هەم تا ئەو جێگایە بە باشی ئەوە دەردەخات کە کەسێکی (ئیستدلالی)یە و کەڵك لە کارەکانی ئەوانی دی وەردەگرێت و پەرەیان

پێ دەدات (بۆ ڕاڤەکردنی باسێکی گشتی دەربارەی کێشەکان، بڕوانە Lybrand 1996). دووهەم، ئەوەیە کە (گیدنز) هۆشیارییەکی تەواومان پێ دەبەخشێت، چونکە ڕەنگە لە یادتان بێت کە ئەو یەکێکە لەو تیۆرسینانەی کە لە بەشی یەکەمدا قسەمان لەسەر کرد کە لە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی لە کۆمەڵناسییان دەگرت، سەرسەختانە داکۆکی دەکرد.

"گیدنز" ساڵی 1938 لە باکوری لەندەن لەدایک بووە.

لە یەکەمین ساڵەکانی خوێندنی لە خوێندنگادا خوێندکارێکی بەرجەستە نەبوو. کەواتە لە بری ئەوەی بچێتە ناو زانکۆ بەناوبانگەکانی وەك (ئاکسفۆرد) و (کیمبریج)، لە زانکۆی (هال) درێژەی دا بە خوێندن. لەبەرئەوەی کە نەیتوانی بواری زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی بخوێنێت خواستی بنەڕەتی فەلسەفەی هەڵبژارد، بەڵام چونکە ژمارەی ئەو وانانەی کە لە بواری فەلسەفەدا ئەخوێنرا کەم بوو، وانەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی هەڵبژارد.

بــەم جـــۆرە پێدەچێــت ئـــەم تیۆرســـینە کۆمەڵایەتییە بەرجەستەیە ئەم بوارەی بـە پێـی ڕێکەوت هەڵبژاردووە. (گیدنز) بە خێرایی هۆگری زانســـتە کۆمەڵایەتییـــەکان بـــوو و ئـــەم خۆشەویستییەی کاریگەرییەکی پۆزەتیفی هـەبوو بـۆ سـەرکەوتنی لـە خوێندنـدا چونکـە پلـەی (مومتاز)ی لەو زانکۆیەدا وەرگرت.

پاشـان (گیدنـز) چـووە کۆلێـژی بـەناوبانگی ئـابووری زانکـۆی لـەندەن و لـەوێش پلـەی (ماجسـتێری) وەرگـرت و پـاش ئـەوە بـەکاری وانەوتنەوە لـە زانکـۆی (لیسـتر) سـەرقاڵ بـوو. لـە کۆتـایی دەیـەی شەسـتەکاندا (ئـەو) (لیسـتر)ی بەجێهێشـت تـا لـە زانکـۆی (سـایمۆن فرێـزەری) کەنەدا وانە بڵێتەوە.

پاشان چوو بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان و لە زانکۆی کالیفۆرنیادا (UCLA) خەریکی وانەوتنەوە بوو.

ڕووبەڕووبوونـەوەی لە کالیفۆرنیای باشـوور لـە لوتکـەی شۆڕشـەکانی خوێندکـاراندا لـە دژی کـــەلتوور ئـــەزموونێکی سەرنجڕاکێشـــی هوشـیارکەرەوە بـوو. (براینـت)[84] و (جـێری)[85]

کاریگـــەری ئـــەو ڕووبەڕووبوونـــەوەیان لەســـەر چۆنییـــەتی تـــێڕوانینی "گیدنـــز" ســـەبارەت بـــە کۆمەڵناسـی بـەم شـێوەیەی لای خـوارەوە وەسـف کردووە:

کۆمەڵناسە کۆنـە ئەوروپاییـەکان سـەبارەت بـە چین (طبقة) و دەسـەڵاتی گۆڕینی ژیانی ڕۆژانـەی پەیوەست بە هیپپییەکان و بزاوتـە کۆمەڵایەتیەیکان بۆ نموونە، بزاوتە خوێندکاریەکان و بزاوتی دژ بە جەنگی ڤێتنام، تێڕوانینێکی لاوەکیان هەبوو. ئەو (گیدنـز" ئـەوە دەگێڕێتـەوە کـە چـۆن سـەفەر بـۆ (پـلاژی) کـە کەســـانێکی زۆری بـــە جلوبـــەرگی سەرنجڕاکێشـەوە لێ بـوو، ئـەوەیان تێگـەیاند کـە کۆمەڵناسی ئەوروپایی و بەرنامەی بزواتی چەپی ئـــەوروپایی چوارچێوەگـــەلێکی تایبـــەت بـــە خۆیان هەیە.

لە کۆتایی دەیەی پڕ ئاشوبی شەستدا (گیدنز) گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و لەوێ هەم خولی دکتۆراکەی تـەواو کرد و هـەم لـە (کیمبریج)دا بـە وانەوتنـەوەی کۆمەڵناسـی خـەریك بـوو. سـەرەڕای سـەرقاڵی بـەکاری فێرکـاری جۆراوجـۆرەوە لـە زانکـۆ

بیانییـــەکاندا بـــۆ نموونـــە، خـــولی وانەوتنـــەوە لـــە زانکـــۆی کالیفۆرنیـــا و ســـانتاباربارو، هـــەروەها گەڕانـەوەی بۆ کـەنارەکانی کالیفۆڕنیـای بـاکوور و پاش هەموو ئەمانە لە (کمیمبریج)دا مایەوە.

تیۆری بنیادگەری

(گیدنز) سەبارەت بە تـەواوی ئەم بابەتانـەی کـە لـەم کتێبـەدا قسـەمان لەسـەر کـردن، نووسـینێکی زۆری هەیـە. ئـەو دەربـارەی تێگەیشـتنی خـۆی لەسـەر مێردنـە لـە کتێبـی "بونیـادی چینایـەتی کۆمـەڵگا پیشەسـازییە پێشـکەوتووەکان"[86].

(Giddens 1973) هـەوڵی داوە جیاوازی و وێکچوونـی شـێوەبەندی چینایـەتی کۆمـەڵگا پیشەسـازییە پێشـکەوتووەکان لەتـەك کۆمـەڵگای پیشەسـازی پێشوودا کە (مارکس) شرۆڤەی کردوون دەربخات. لـەو کتێبـەدا ئـەو ڕەخنـە لـە تیۆرسـینەکانی بـان پیشەسازی وەك (بیل)[87] و (تورین)[88] دەگرێت کە پـەیوەندی بنـەڕەتی کۆمـەڵگا پیشەسـازی و بـان پیشەسـازییەکانیان بـە خـەیاڵ ئـەزانی، بـە

پێچەوانــەوە (گیدنــز) ســەبارەت بــە پــەیوەندی مێژوویی ئەم کۆمەڵگایانە ئیستددلالی ئەوە دەکات کە بە تەواوی گۆڕان ڕووی داوە بەڵام ئەو پێی وایە کە وا باشترە لە بری کۆمـەڵگای بـان پیشەسـازی (فراصنعتـی) قسـە لەسـەر کۆمــەڵگای پشەســازی پێشکەوتوو بکەین. هەر بەو شێوەیە دەبینـین کـە ئـەویش ئیســتدلالێکی وێکچــووی لــە بەرامبــەر لافلێدانەکانی پۆست مۆدێرنەکاندا هەیە.

بەر لە باسکردنی گەڵاڵەی تایبەتی ئەو شتەی کـە (گیدنـز) بـە (بـان مۆدێرنیـت)ە یـان (دەورانــی مۆدێرنی دواهــەمین) نـاودێری دەکـات، دەبـێ ئـەم بەرهەمە گرێ بدرێت بـە هـەوڵ و تەقـەلای گشـتی (ئــەو)ەوە بــۆ لایــەنگری دووبــارەی لــە تیــۆری کۆمەڵناسـی. (گیدنـز) وتوویـەتی کـە لــە تــەواوی ژیانیا لە هەوڵی هێنانەکایەی تیۆرێکدا بووە کە بە (تیــۆری بونیادگــەریی) نــاوی دەبــات، بــەڵام هەوڵــەکانی بــۆ تیــۆری ســازی زیــاتر لــەم دوو بەرهەمەیدا بەرچاو دەکەوێت: کتێبی (دەستوورە تازەکانی ڕەوشی کۆمەڵناسی)[90] (1976، ناونیشانی کتێبەکــە وەڵامێکــی ئاشــکرایە بــۆ بەرهەمــە

پێشـووەکەی دۆرکـهایم واتـە دەسـتووری ڕەوشـی کۆمەڵناسـی کـە لـە سـاڵی 1938دا بڵاوکرایـەوە) و گرنگتریش لەوە، (بونیادی کۆمەڵگا)[91]یە (1948).

کتێبـی دووهـەم، بـە گـەورەترین دەسـکەوتی (گیدنـزە) لـە تیۆریسـازیدا. (گیدنـز) بـەو دەستەواژەیە قـایل دەبێ کـە بـە زۆری لـە کتێبـی (هەژدەهـەمی برومـر)ی مارکسـدا (1996 [1852]) دەیگێڕنەوە کە خەڵکی خۆیان جیهانی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنن. ئـەو پێـی وایـە کـە کێشـەی بنـەڕەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیۆری کۆمەڵایەتی دەرخستنی پێوەنـدی گونجـاوی نێـوان گەمەکـەران و بونیـادە کۆمەڵایەتییەکانە. تیۆری بونیادگـەری تەقەلایەکە بۆ زاڵبوون بەسەر (دووفاقی بیرکردنەوە)دا کە ئەو پێـی وایـە بـە بـەردەوامی دامێنگـیری تیۆرەکـانی دیکەش بووە– ئـەو دووفـاقی بیرکردنەوەیـەی کـە یـان شـەقڵێك بـە گەمەکـەران یـان بـە بونیـادە کۆمەڵایەتییـەکان دەدات. ئەگـەرچی جۆرەکـانی کۆمەڵناسـی ڕاڤـەکاری بـۆ نموونـە کـرداری بەرامبـەری هێمـایی (کنـش متقـابل نمـادی) گرایشێکی زۆری هەیە سەبارەت بە زیانگەیاندن بە

بونیاد لـە بەرامبـەر (فاعلیـەت)دا، بـەڵام لـە تیـۆرە جۆراوجۆرەکـانی بونیادگـەراییدا، بـۆ نموونـە لـە شـێوەکانی پارسـۆنی و مارکسیسـتی نوێـدا پێچەوانەی ئەمە بە ڕاست دادەنرێ (Giddens 1984, Cohen 1989).

کورتکردنـەوەی تیـۆری بونیادگـەرایی، بە بـێ لەبەرچاوگرتنی خواستی بەردەوامی (گیدنز) و ئەو سـەرچاوە جۆراوجـۆرە تیۆرییانـەی کـە کـەڵکیان لێوەردەگرێ، کارێکی مەحاڵە.

لە ڕوانگـەی ئێمـەوە گەلـەك گرنگـە بایـەخ بـەو خاڵە بدەین کە ڕێگاچارەی پێشنیازی (گیدنز) بۆ کێشەی (گەمەکەر–بونیاد)[92] بە چڕبوونەوە بەسـەر شێوەی کـردەوە کۆمەڵایەتییـەکاندا بەدەسـت دێ. ئـەو بـە قـازانجی ئـەو شـتەی کـە بـە "دووفـاقی بونیـاد)[93] ناوزەدی دەکات ئیستدلالی ئەوە دەکات کە بەم واتایە هەم بونیادەکان بە دەستی گەمەکەرە مرۆییـەکان بەدەست دێ و هـەم ئامرازێکە کـە ئـەم جۆرە کردارە بە یارمـەتی ئـەو پێکدێت بونیادەکان لە لایەن مرۆڤەکانەوە دروست دەکرێن. بەڵام ئەوانە

هەم کرداریی مرۆیی سنووردار دەکەن و هەم
توانای پێ دەبەخشن.

Giddens 1984, 1976, Lewert 1995: 146-56, Graib 1992:)
.(33-72

بایەخی ئەم دیدگایە بە هۆی یارمەتییە
بنەڕەتییەکانی ئەوەوە بۆ تێگەیشتنمان لە مۆدێرنە
ئەوەیە کە لەم تیۆرەیدا دیدگایەك شاراوەتەوە کە
دەتوانین ئەو (دیدگا)یە بە هاندەری خۆشبینییەکی
(تەقریبی) لەبەرچاو بگرین- دیدگایەك کە
تەسلیمی ئەو ئەنجامگیرییە بەدبینانەیە نابێت
سەبارەت بە بێهێزی گۆڕینی ژیانی مۆدێرن بە
ئاراستەیەکی باشتردا.

کەواتە، گەمەکەران بێهێز نابن و لە ڕێنمایی
کردن و فۆرمۆلەکردن و بەڕێوەبردنی هێزەکانی
مۆدێرنیتەدا -بە شێوەی تاك یان کۆمەڵ- ڕۆڵی
خۆیان دەگێڕن. لەگەڵ ئەوەشدا مۆدێرنیتە
هێزێکی وێرانکەری بێبەزەییە کە ناچارین لە تەکیا
بڕۆین: هەلومەرجمان بەو جۆرە نییە کە بتوانین بە
ئیرادەی خۆمان لێ دەربچین یان لێی تێپەڕێنین
.(Giddens 1990: 151)

ئاکامەکانی مۆدێرنیتە

(گیدنــز) لــەم (ســێ)[95] بەرهەمــەیدا کــە لــە ســەرەتای دەیــەی نــەوەدا بڵاوکرانــەوە تیــۆرە بونیادگەراکەی بۆ توێژینەوە سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنە خستەگەڕ و هەروەها بە لێکۆڵینــەوەی پەیوەندییــەکان لــە ڕابوردوویــەکی نزیــك و لایەنگــەلێك لــە ژیــانی کۆمەڵایــەتی (هاوچەرخ)دا خەریکبوو کە، ئەوە دەربخات ئێمـە چوینەتـە نـاو قۆنـاغ یـان سـەردەمێکی تـازە لـە مۆدێرنە کە ئەو (گیدنز) بە (مۆدێرنەی دواهەمین) یان (بان مۆدێرنە) ناوزەدی دەکات. بە گشتی ئەم کارانــە وەڵامێکــی پاڵــەکی (ضمنــی)یــە بــۆ پرسیارەکەی (لاتۆر)[96] کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا خرایە ڕوو. وەڵامی (گیدنز) ئەوەیە کە ئێمە (لە ڕاســتیدا مۆدێرنــین، و ماوەگــەلێکی زۆرە بــەم جۆرەیــن و بــە ڕووکــەش تــا ئایندەیــەکی پێشبینیکراو هەر بەو جۆرە دەمێننەوە.

(گیدنز) لە یەکەمین و (ڕێکوپێکترین)ی ئەم کتێبانەدا واتە (ئاکامەکانی مۆدێرنیت)[97]ە (1990) ئیستدلالی ئەوە دەکات کە مۆدێرنە لەژێر کاریگەری دووفاقی دەوڵەتی نەتەوەیی گەشەکردووی مۆدێرن و سیستمی پیشەسازی خوازی سەرمایەداری لە خۆرئاوادا هاتە ئاراوە.

تا ڕادەیەك، مۆدێرنە لە ماوەی ئەو مێژووە کورتەیدا بوو بە دیاردەیەکی جیهانی و کەم کەم چووە ناو کەلتووورە ناخۆرئاواییەکانی سەرتاسەری جیهانەوە.

جیهانی مۆدێرن لەو دەوڵەتە نەتەوەییانە پێکهاتووە کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە تایبەتیکردنی نیازمەندی سەرچاوەکانی کۆمەڵگادا هەیە. چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتدا هێزی سەربازی دەوڵەت زیاد دەکات و بە شێوەیەکی بەرفراوان توانای کۆنترۆڵکردنی ئیداری هاووڵاتیانی پێ دەبەخشێت. دەوڵەتە نەتەوەییەکان کۆمەکێکی گرنگ بە دروستبوونی کۆمەڵگای زانیاری مۆدێرن دەکەن، چونکە ئەم دامەزراوە ڕێگا بۆ شێوەکانی چاودێریکردن و کۆنترۆڵی تازە و بەرفراوان خۆش

دەكات. جیا لەمەش، دەوڵەتی نەتەوەیی پەیوەندییەكی نزیكی لەگەڵ ئابوری پیشەسازی سەرمایەداریدا هەیە. سەرمایەداری ئاماژە دەكات بە سیستمی بەرهەمهێنانی گەلەك ڕكابەرئامێز لەتەك ئەو بازاڕی كارانەی كە بە پێوەری جیهانی كاردەكەن، لە كاتێكدا كە لای (گیدنز) لە بنەڕەتدا (پیشەسازیخوازی) بە مانای بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای ئامێرییە بۆ كۆنترۆڵكردن و گۆڕانی سرووشت و دروستكردنی "ژینگەی خولقاو"ە.

بە گشتی ئەوانە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و پەیوەندی مرۆڤیان لە تەك سروشتدا بە قووڵی گۆڕیوە.

مۆدێرنە ئەو پرۆسەیەی لێ دەكەوێتەوە كە (گیدنز) (19: 1991) بە مەودای هەڵبژاردن ناوی دەبات بەو مانایەی كە چیدی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بە شوێنە تایبەتییەكانەوە وابەستە نین و، پەیوەندیكردن بە كەسانێكەوە كە ئامادەیی فیزیكیان نییە لە ڕادەبەدەر ئەبێ بە تایبەتمەندی جیهانی مۆدێرن. بە تەواوی تێگەیشتنی ئەم دیاردەیە لە ئاگادارییە سەرنجڕاكێشەكەی كۆمپانیای (AT and T)دا (دەستدرێژ بكە و، دەستی كەسێك بگرە). بە

ئاشکرا دەردەکەوێ. لە توێژنیـەوەکانی ئـەم دواییـەدا. ئــەم دیاردەیــە تیـێڕامــانێکی قوڵــتری لەســەر کـــرا سەبارەت بـەو پـەیوەندییـە واقعیانـەی کـە لـە کـەش و هەوای پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکاندا بەرقەرار دەبن.

هــەروەها، مۆدێرنیتــە ئــەو پرۆســە وابەســتەیەی ناسراوە بە (نـهێنی سـڕینەوە) دەگرێتـەوە (Giddens 27 :21 :1990). ئەم پرۆسـەیە بریتییـە لـە (دەرچـوون)ی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە زەمینە ناوچەییەکانی کــرداری بەرامبــەر و نوێکردنــەوەیان لـــە پانتـــایی ناسنورداری (کات– شوێن)دا. (گیدنز) وەك (زیمیـل) جۆری سـەرەکی (نهێنی سڕینەوە)ی لـە فراوانبوونـی ئــابووری پــارەیی (دراوی)دا دەبینێــت. لــە هــەندێ ڕووەوە ئـەو وەك دورکـهایم جـۆری دووهـەمی (نـهێنی سڕینەوە)ی لەو پشتیوانییە زۆرەی کارناسە پیشـەیی و (فـەنی)یـەکاندا دەبینــی. لــە هــەردوو جۆرەکــەدا پێویستە تاکەکان بە متمانەی تەواوە ڕەفتار بکـەن کە گیدنز (244: 1991) ئەوانە بە "متمانـەکردن بە تاکـەکان یــان سیســـتمگەلی ئەبســـتراکت کــە لەســـەر بناغــەی (کەمتەرخـەمی) ئـەنجام دەدرێ و دەرخـەری نـەزانی و ناهۆشیاری"یە پێناسە دەکات. چۆن متمانە بەرقەرار

دەبێ و دەپارێزرێت؟ چ شتانێك متمانە کەم دەکەنەوە؟ (گیدنز) ئەم پرسیارانە لە باسەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنی دواهەمیندا، وەك کۆمەڵگایەکی مەترسی هەڵگر (خطر پزیر) بە مەسەلەگەلێکی بنەڕەتی و چارەسەرنەکراو دەزانێت.

ئەگەری مەترسی لە مۆدێرنەی دواهەمیندا

(گیدنز) چوار ئەگەر (احتمال)ی مەترسی دەستنیشان دەکات کە لە چوارچێوەی ئەم دەزگا سیاسی- ئابوورییەدا حەشار دراوە بیروڕای گیدنز دەربارەی ئەگەری مەترسییەکان و مزگێنییەکانی ئایندەی مۆدێرنیتەی دواهەمین).

ئەگەری مەترسییەکان	مزگێنییەکانی ئایندە
خەملینی دەسەلاتی تۆتالیتر	بەشداریکردنی دیموکراتیکی چەندلایەنە
جەنگی ئەتۆمی یان جەنگە بەرفراوانەکان	نەمانی جەنگ
دابەزینی میکانیزمەکانی خەملینی ئابووری	ئابووری بان دەگمەنی (ناوێزەیی)
کارەساتی ژینگە	سیستمی چاودێری جیهانی

یەکـەمین ئەگـەری مەترسـی زۆربوونـی توانـای خـاوەن دەسـەڵاتەکانە لـە چـاودێریکردنی بەسـەر قازانجی کۆنترۆڵی زانیارییەکان و چاودێریکردنی خـەڵکیدا. هـەر لـێرەوە کـە لـەم سـاڵانەی دوایـیـدا تواناکـانی چـاودێریکردنی دەوڵـەت و دامـەزراوە سەرمایەدارییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیـان کردووە، ئەم توانایە ئەگەری مەترسی خـەملێنی تۆتالیتر دەهێنێتە ئاراوە.

دووهەمین ئەگەری مەترسی زیادبوونی خێرای دەسەڵاتی سەربازییە کە لەگەڵ (پیشەسازیبوونی جەنگ)دا هاتۆتـە ئـاراوە، دیاردەیـەك کـە لەتـەك جـەنگی جیـهانی یەکـەمدا دەسـتی پێکـرد و پیشـاندەری کۆتـایی "جەنگـە سـنووردارەکان" و سـەرەتای دەورەی تـەوارەکان"ە. پەرەسـەندنی چەکە بـە کۆمـەڵکوژەکان وەك چەکـە ئەتۆمییـەکان هـەندێ مەترسییان ڕووبەڕووی مانـەوەی مـرۆڤ کردووە کە تا ئـەمڕۆ کـەس وێنـای نـەکردووە لـە سەدەی بیستەمدا زیاتر لە هەموو سـەدەکانی تـر کوشتن و بڕینی لێکەوتۆتەوە، (بۆ نموونە، ژمارەی

قوربانییانی شەڕ لـە سـەدەی بیسـتەمدا، بـە لانـی کەمەوە، پانزدە ئەوەندەی سەدەی نۆزدەهەم)ە.

سـێهەمین ئەگـەری مەترسـی پـەیوەندی بـە ڕووخـانی بـە زەبـری سیسـتمەکانی گەشـەکردنی ئابوورییـەوە هەیـە. ئـەم ئەگـەری مەترسـییە پەیوەندی بە ئەگەری مەترسی چوارهەمەوە هەیە کـە هـەمان شـێمانەی بـە زەبـری نـابووتبوون یـان کارەساتی ئۆکۆلۆژییە.

بـاوەڕە سیاسـییەکانی (گیدنـز) لایـەنگیری لـە باڵی چەپ دەکات و بەم جۆرە جێی سەرسوڕمان نییـە کـە دەڵـی دەبـێ سیسـتمی سـەرمایەداری ڕێکبخرێـت تـا "تایبەتمەندییـە پێشـبینی نەکراوەکان" یان بەو جۆرەی کە مارکسیستەکان دەڵێن (خواستگەلی قەیران)ی خۆیان، چاك بکـەن. هەر بەو جۆرە ئەو لەو بڕوایەدایە کە سەرمایەداری مۆدێـرن لـە ئاسـتی نەتـەوەیی و جیـهانیدا نابەرابەرییەکی خراپ دەخاتەوە.

"گیدنز" جیا لەم مەسەلانە و بە تێپەڕبوون لە مارکسـیزم ئیسـتدلالی ئـەوە دەکـات کـە نیـازی سەرمایەداری لـە پـەرەپێدانی هەمیشـەیی توانـای

بەرهەمـــهێنانیدا ڕووبـــەڕووی چوارچێوەکـــانی (ئۆکۆلــۆژی) دەبێتــەوە و بــەم جــۆرە پـــەیگیری کەڵەکـەکردنی سـەرمایەدارانە یەکێکـە لـە هۆکـارە سەرەکییەکانی نابووتکردنی ژینگە

(Giddens 1990: 163 هەروەها بڕوانە Beck 1992).

بە کورتـی ئـەم ئەگـەری مەترسییانە بە ئاشـکرا لایەنە تاریکەکەی بـارودۆخی مۆدێرنـی دواهـەمین دەردەخەن و بەڕووکەش جدیبوونی ئەم هەڕەشانە پاساو بۆ بەدبینییەك دەهێننەوە کە وێکچووی ئەو شتەیە کە زۆرێـك لـە پۆسـت مۆدێرنـەکان دەریـان بڕیوە. (گیدنز) (1990) کتێبی (ئاکامەکانی مۆدێرنە) بـەم پێشـبینییە خەفـەت هێنــەرەی لای خــوارەوە، کۆتایی دێنێت:

لە دیوێکی دیکەی مۆدێرنەدا لەو جێگایـەدا کە ئیدی هیچ کەس بە کردەوە لەسەر ئەم گۆی زەوییە نـاتوانێت هۆشـیار نــەبێت، هیــچ شـتێ جگــە لــە "کۆماری جرِوجانەوەرەکان و ئاڵف" یان کۆمـەڵێك یان مومکین نییە، کۆمـەڵێك لە ئەنجومـەنی مرۆڤـە زیـان لێکەوتووەکان بونیـان هــەبێت.. ئاپۆکـالیپس Apocalypse کـــۆن بـــووە و وەك پێچەوانـــــەی

ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانە هەمووان لێی بە ئاگان، لەگەڵ ئەوەشدا وەك تەواوی توخمەکانی مەترسی ئیحتیمالی، ڕەنگە ببێتە شتێکی ڕاستەقینە (ل 173).

بەم حاڵەشەوە، (گیدنز) تەسلیمی بەدینی نابێت، چونکە ئەم مەترسیانە بە شتانێکی بەزەبر دەزانێ نەك شتانێکی حەتمی. بە دڵنیاییەوە دەکرێ بەرگری لە بەدیهاتنی ئەم سیناریۆ تۆقێنەرە بکرێ و هەروەها ڕێگاچارەی بۆ ئەگەری ئەم چوار مەترسییە بدۆزرێتەوە. بە تایبەت (گیدنز" لەناو ئەو بزواتە ئەگەرییە جۆراوجۆرانەی کە لایەنگرییان بە (واقیعخوازی یۆتۆپیایی) دەزانێ، هەندێ نیشانەی مژدەبەخش دەبینێت.

بزاوتی کرێکاری (بزاوتێك کە لە یەکەمین قۆناغەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەرکەوت) هەوڵ دەدات خواستەکانی مەترسی ئەگەری سەرمایەداری چاك بکات، لە کاتێکدا کە بزاوتە دیموکراتییەکان ڕووبەڕووی دەسەڵاتخوازی دەبنەوە، بزواتەکانی ئاشتی ڕووبەڕووی میلیتاریست دەبنەوە و، بزواتەکانی ژینگە هەوڵ

دەدەن ئەو مەترسیانە لەناو ببەن کە هەڕەشە لە ژینگەی جیهانی دەکەن. ئەگەرچی سەرکەوتنی ئەم بزاوتانە دەستەبەر ناکرێت. هەر بەو شێوەیەش ناتوانین تێکشکاندنیان دەستەبەر بکەین. ئەو شتەی بۆ پێویستی مانەوەی ئەم بزاوتانە گرنگە تێڕوانینێکە کە بە "واقیعخوازی یۆتۆپیایی" قایل دەبێت.

مۆدێرنیتە، ئەزموونێکی زیندوو

Lived experience

(گیدنز) لەو دوو کتێبەدا کە دوای کتێبی ئاکامەکان (1990) بڵاوکرانەوە واتە (مۆدێرنیتە و شوناسی خود)[98] (1991) بڵاونەکراوە واتە (مۆدێرنیتە و شوناسی خود)[98] (1991) و (گۆڕانی پەیوەندییە نزیکەکان)[96] (1992)، ڕووی کردە هەندێ بابەت کە جێگەی بایەخی (زیمیل) بوو - ئەوەی کە خەڵکی چۆن بارودۆخی مۆدێرن ئەزموون دەکەن. ئەو هەوڵ دەدات پەیوەندییە بەرفراوانەکانی نێوان وەرگۆڕانە جیهانییەکان و ئەو گۆڕانکارییانە پیشان بدات کە لە پێکهێنانی

شوناسەکان و پایەداری پەیوەندی نیوان تاکیدا (میان فردی)، روودەدات.

(خود) دەگۆرێ بە گەڵالەیەك کە دەبێ دروست بکریت، نەك شتیك کە نەریت یان عادەت بە شیوەیەکی یەگجاری دەستنیشانی کردبیت.

ئەم گەڵالەیە شیمانەی گومانیکی بەرچاو و هەرەشەی هەستی پوچی (نهلیزم) لە تەك خۆیدا دەهینیت. بەلام هەر بەو جۆرە شیمانەی بەرنامەدانانی ژیانیش -هەلبژاردنی شیوەی ژیان- بە تاکەکان دەبەخشیت. لە کاتیکدا کە هەندێ لە رەخنەگرانی کتیبەکانی (دەستووری کۆمەك بەخۆکردن)، و (بەرنامەگەلی دوانزە قۆناغی)و شتانی وەك ئەوانە، لەم بەدواچوونەی شیوەی ژیاندا جۆریك لە خۆ-شەیدابوون هاوچەرخدا ئەبینن (گیدنز) هەلسەنگاندنیکی ئیجابی (پۆزەتیف) تری هەیە. ئەو (گیدنز) ئەم رەوەندە بە پیی دەرکەوتنی "سیاسەتی ژیان"[100] وەسف دەکات کە پەیوەندی هەیە لە تەك ئازادی تاك بۆ هەلبژاردن و خستنەرووی وەلامگەلیك بەو پرسیارە (وجود)یەی کە تاك دەبێ چۆن بژی؟ بە

واتایەکی دی، سیاسەتی ژیان بە سەرکەوتنی (خۆ پێگەیاندن)ی تاك لە قەلەم دەدرێ (Giddens 1991: 2.9-31).

سیاسەتی ژیان، ئاکامگەلیکی هەمەلایەنەی بۆ پەیوەندییەکانی (نیوان تاك) و بە تایبەتی پەیوەندییە نزیکەکانی هەیە.

دیموکراتیزەبوونی پەیوەندییە نزیکەکان و بەدواداچوونی (خۆپێگەیاندن)ی سۆزداری، پەیوەندییە نزیکەکانی گۆریوە و شیمانەی پایەداربوونی "پەیوەندییە بیخەوشەکانی" لە دەورەی مۆدێرنی دواهەمیندا هیناوەتە ئاراوە، کە پەیوەندیگەلیکن تەنها بە پیی بارودۆخی دەروونی خۆیان نەك بە پیی هۆکارە دەرەکییەکان دەستنیشان و پیناسە دەکرین.

(گیدنز) (3: 1992) لافی ئەوە لی دەدات کە "رەنگە گۆرانی پەیوەندییە نزیکەکان بە شیوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی ویرانکەرییان لەسەر دەزگا مۆدێرنەکان، هەبیت". بەلەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە رەوەندی ئەندیشەی ئەو تا ئیستاش لە بەرەوپیشچووندایە،

کەچی گەلەك بابەت ئاشکرا نین سەبارەت بەوەی کە ئەم گۆڕانە مومیکنە چ شتانێك لە دەرەوەی قەلەمرەوی پەیوەندییە نزیکەکان لەخۆ بگرێت.

لەگەل ئەوەشدا، ئاشکرایە کە سەردەمی مۆدێرن سەردەمێکە کە لەتەك سەرلەنوێ بیرکردنەوەدا دیاری دەکرێت، واتە سەردەمێك کە هەمیشە تیایدا کردار و باوەڕەکانمان تاوتوی دەکرێت. (گیدنز) بەشێکە لە ئەنجوومەنی گوتاری کۆمەلناسی -کۆمەلناسانی رابورد و ئەمرۆ– کە رۆلێکی گرنگی لە چالاکی بەردەوامی توێژینەوە و سەرلەنوێ بیرکردنەوەی بارودۆخی مرۆڤدا لە جیهانی هاوچەرخدا هەبووە و هەر بەو جۆرەش دەبێت.

سەرچاوە:

(اندیشەهای بنیادی درجامعە شناسی)/ پیتەر کریستو– ترجمە/ منوچر حیدری. سال 1378 تهران.

زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

ناوی کتێب	نوسینی	وەرگێڕانی
1-ژن له شیعرو ژیانی مندا	نزار قەبانی	جەمال غەمبار
2-نیچه	پۆڵ ستراتێرن	ئازاد بەرزنجی
3-سوڕی مانگانەی ژن	مارتن لۆدڤیك	ئەکرەم قەرەداغی
4-دیکارت	پۆڵ ستراتێرن	ڕەئوف بێگەرد
5-بیری ئاینی کۆن له میزۆپۆتامیادا	د. تەقی دەباغ	یاسین عومەر
6-ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی	دیاینی. دەچز. ئبرامز	عەتا قەرەداخی
7-ئایین و کەسایەتی	ل. پاڵس	ئاوات ئەحمەد
8-هەشت نامە	گۆنتەرگراس- کینزابۆرۆئۆ	شورش جوانڕۆیی
9-ئانارشیزم	د. مستەفا ڕەحیمی	ڕێباز مستەفا
10-کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد	ئارچی ڕۆزفلت	ئەکرەم قەرەداخی
11-دەربارەی دیالێکتیکی..	موراد فەرهاد پوور	بەختیار سەجادی
12-پۆزش	ئەفلاتون	ئاوات ئەحمەد
13-ئاوابوونی هزرە تۆباوییەکان	ئایزایا بەرلین	کامیل محەمەد
14-هونەری نیگارکێشان....	شمیدت دیجینەر	وەهبی رەسوڵ
15-چامەی پەخشان	سۆزان بیرنار	سەلاح محەمەد
16- ئایین، عەلمانییەت ، ...	محەمەد ئەرکۆن	شوان ئەحمەد
17- سارتەر	پۆڵ ستراتێرن	ئازاد بەرزنجی
18-چۆن دەبیت بەباشترین هاوڕێی خۆت	میلدرید نیومان بێرنارد بێرکۆتس	شێرزاد حەسەن
19-کوردو زمانی کوردی	تۆفیق وەهبی	عەزیز گەردی
20-ئەنتۆنین ئارتۆو شانۆی .	جلال ستاری	پێشڕەو حسێن
21-پاسکاڵ	ئاندرێ کریسۆن	سامان عەلی
22-کافکا	سادقیهیدایەت یوسف حاجی میرزای	محەمەد کەریم
23-لەنێوان بلیمەتیو شێتیدا	هاشم ساڵح	نەوزاد ئەحمەد
24- مرۆڤ له ڕوانگەی فرۆیدەوە	قاسم حسێن ساڵح	عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

25–جیهانی ئیمپریشێنیزم	هانز خافێ	ئیسماعیل حەمەئەمین حەمەی ئەحمد رەسول
26–لە"نیویۆرک"ەوەتا"کابول"	یوسف ئەبازەری موراد فەرهاد پوور	مەنسوور تەیفووری فەرهاد ئەمین پوور
27–مۆدێرنە و ڕاسیزم	جۆرج تەرابیشی	شوان ئەحمەد
28–پاش بونیادگەری	تێری ئیگلتۆن	سەلاح حەسەن
29–فەلسەفەی خۆراوایی		ئاوات ئەحمەد